بسم الله الرحمن الرحيم


| پەڕە | ناوی بابەت | ناوی ئامادەکار |
|---|---|---|
| ٢ | بانگەواز لە تەواوی شوێنکەوتنە بۆیە دەبێت | سەرنووسەر . |
| ٣ | ڕۆژگار بەڵگەیە لەسەر بونی خوای پەروەردگار | أحمد علي ز. سلێمانی .ك . پ. کەلار . E . |
| ٤ | پلە و پایەی زانایانی ئیسلام و فێرخوازانی زانست | عدنان سعيد.ز.سلێمانی.ك .پ.کەلار.عربی . |
| ٤ | ئاگاداربە ... تۆ لە دۆلی مێروولەدایت | نەرمین حەیدەر. ز . سلیمانی .ك.پ.فیزیا . |
| ٦ | چاو ئەندامێك بۆ شوکرانەبژێری .... یان ؟! | م . کۆسار عبدالعزیز . شەریعەی دهۆك . |
| ٧ | وریای عەقلاندنی شەریعەت بن !! | م . عثمان أحمد . بیرکاری . |
| ٨ | ئامانجەکانی ئیسلام و پێداویستی مانەوەی | پارێزەر . أحمد محمد . |
| ٩ | دڵت بەچی پردەکەی ؟ | پشتیوان عەلی .ز. سلێمانی ك . پ . E . |
| ١٠ | پێناسەی زانایانی ئیسلام بۆ زانستی شەرعی | م . محمد عبدالرحمن . شەریعەی دهۆك . |
| ١٠ | مانای وەرزش لەدیدی زانایانەوە | م . پشتیوان محمد . عربی . |
| ١٢ | گوێ لە کێ بگرین ؟؟! | بلال جلال . ز . سلێمانی.پ.کەلار. فیزیا . |
| ١٤ | وێنەی ڕاستەقینەی زانکۆ و شێواندنی | هیوا زیرەك.ك.پ.کەلار.کوردی . |
| ١٥ | دیاردەکانی دەستگرتن بە قورئانی پیرۆزەوە ( ٣ ) | م . دارا جبار . عربی . |
| ١٦ | لە کاتی خوێندنەوەی کتێبە مێژوویەکاندا ... ؟ | م . علی محمد علی . کۆمەڵایەتی . |
| ١٧ | خاصیەتە سەرەکیەکانی ئیسلام | جهاد قادر.قەڵادزێ .عەرەبی . |
| ١٨ | دڵتەنگ مەبە | إدریس محمود . ز . سلێمنی . ك .یاسا . |
| ١٨ | قۆپی کردنی تاقیکردنەوەکان لە ڕوانگەی شەرعەوە | م . هاوار عبدالله . کۆمەڵایەتی . |
| ٢٠ | " By Allah I do not have even an iron ring " | م . رزگار محمد . E . |


.................................................................

تێبینی : بۆ ئەو فێرخوازە ئازیزانەی کە دەیانەوێت بابەتیان بلاوبێتەوە ، زانست ئەو دەرفەتەیان بۆ دەڕەخسێنێت ، بەڵام بابەتەکانیان بەپێی مەرجی بلاوکراوەکە بێت ، ئەوانەش :

١ . بابەتی دووبارە نەبێت ... ٢ . ئەگەر وەرگێراو ئاماژە بە ناوی سەرچاوە بکرێت ... ٣ . تا دەتوانرێت کورت و پوختکراو بێت ... ٤ . ئامادەکار ناوی خۆی و کۆلێژ و بەشەکەی بنووسێت ... ٥ . تایپکراویش بێت .

.................................................................


Zanest119@gmail.com و Zanest@Gawab.com


بۆ دەستکەوتنی زانست سەردانی پێگەی ئەلکترۆنی : www.ba8.org بکە .


سەرنووس دەستەی نووسەران :

عدنان بارام قادر م . هاوار عبدالله محمود م . رزگار محمد کریم م . فـلاح حسن م . علي محمـــد علي


تێبینی : داواکارین لە فێرخوازانی بەڕێز دوای خوێندنەوەی دوازمارەی ئەم ساڵی بلاوکراوەکەتان ، بە ڕەخنە و پێشنیارەکانیان بلاوکراوەکەتان دەوڵەمەندتر بکەن ، بۆ ئەوەی بتوانرێت لە ساڵانی دواتردا ڕەچاو بکرێ ، بە نووسینی دەست بێت ، بەو کەسانەی کە دەتوانن بە دەستمانی بگەیەنن ، یان ئەرکی ناردنی بگرنە ئەستۆ بە ئیمێڵەکانی بلاوکراوەکەدا ، خوای پەروەردگار فەرموویەتی : ﴿ وَتَعَاوَنُواْ عَلَى الْبرِّ وَالتَّقْوَى ﴾ ، داواکاریشین ڕەخنەکانتان زۆر بەڕاشکاوی بێت ، چونکە بلاوکراوەکەتان بەو کارە دەوڵەمەند دەبێت ... لە گەڵ ڕێزماندا .

## بانگەواز لە تەواوی شوێنكەوتنە

### بۆیە دەبێت تەنها بۆ لای خوای پەروەردگار بێت و لە سەر زانست و چاوڕۆشنی

گومان لەوەدا نیە كە بانگەواز بۆ لای خوای پەروەردگار و تەنها كردنەوەی لە پەرستندا ، و هاوەڵ بۆ بڕیارنەدانی لە باشترینی كردارەكانە ، پێغەمبەرانیش بەباشترین شێوە بەو كارە هەستاوون و باشترین و تەواترینیشیان پێغەمبەری خۆمانە ﷺ ، هەر ئەویشە سەرمەشق بۆ هەموو زانایان و بانگەشەكارانی ئوممەتەكەی ، خوای پەروەردگار فەرموویەتی : ﴿ لَقَدْ كَانَ لَكُمْ فِي رَسُولِ اللَّهِ أُسْوَةٌ حَسَنَةٌ ﴾ (سورة الأحزاب : ٢١) .

جا لە بەر ئەوەی بانگەوازكردن نیشانەی تەواوی شوێنكەوتنە بۆ پێغەمبەری خوا ﷺ بۆیە خوای پەروەردگار فەرمانی پێ كردووە كە ئەو كارە بۆ ئوممەتەكەی بە باشترین شێوە . بە گوفتار بێت یان بە كردەوە . ڕوون بكاتەوە كە فەرموویەتی : ﴿ قُلْ هَذِهِ سَبِيلِي أَدْعُو إِلَى اللَّهِ عَلَى بَصِيرَةٍ أَنَا وَمَنِ اتَّبَعَنِي وَسُبْحَانَ اللَّهِ وَمَا أَنَا مِنَ الْمُشْرِكِينَ ﴾ ( سورة يوسف : ١٠٨ ) .

واتاكەشی ئەوەیە كە خوای پەروەردگار فەرمان بە پێغەمبەرەكەی دەكات ﷺ كە بە موسڵمانان بفەرموێت : ئەم بانگەشەیەی كە دەیكەم بۆ یەكخواپەرستی و هاوەڵ بڕیارنەدان بۆ خوا ڕێگە و ڕێبازی منە بانگەشەم تەنها بۆ لای خوای پەروەردگارە ﴿ أَدْعُو إِلَى اللَّهِ ﴾ ، ئەو ئاشكراكردنەش بەشێوەیەك بێت وەكو شتێكی بەرجەستە بێت كە ئاماژەی بۆ بكرێت هەروەكو پەروەردگار : ﴿ هَذِهِ ﴾ ی بەكار هێناوە ، وە ئەوەشیان پێڕابگەیەنێت كە ئەو كارەیان دەبێت لە سەر زانست و چاوڕۆشنی بێت ﴿ عَلَى بَصِيرَةٍ ﴾ ، وە ئەوەش ئاشكرا بكات كە تەواوی شوێنكەوتن لەوەدایە كە بەكاری بانگەشە هەستن و سەرمەشقیان ئەو بێت ﴿ أَنَا وَمَنِ اتبعني ﴾ ، وە پێویستە لە سەر بێ گەردی نەزاهەتی خوای پەروەردگار دەربڕن ﴿ وَسُبْحَانَ اللَّهِ ﴾ ، لە گەڵ بێ بەریێتی خۆ ڕاگەیاندن لە بێ باوەڕان ﴿ وَمَا أَنَا مِنَ الْمُشْرِكِينَ ﴾ .

**كەواتە لە ئایەتەكەوە ئەم سوودانەمان بەرچاو دەكەوێت :**

١ . دەبێت بانگەشەمان تەنها بۆ ڕەزامەندی خوای پەروەردگار و شوێنكەوتنی پێغەمبەرەكەی ﷺ و بۆ لای ئایینە پیرۆزەكەی بێت ﴿ أَدْعُو إِلَى اللَّهِ ﴾ .

٢ . دەبێت بانگەشەمان بۆلای خوای پەروەردگار لە سەر زانست و چاوڕۆشنی بێت ، ئەوەش لە ﴿ أَدْعُو إِلَى اللَّهِ عَلَى بَصِيرَةٍ ﴾ دەردەكەوێت .

٣ . بانگەشەكردن بۆ ئەو شتانەی كە پێغەمبەری خوا ﷺ بانگەشەی بۆ كردووە ، وە بەو شێوەیەی كە ئەو پیادەی كردووە لە ژیانی پڕ پێز و بەرەكەتی ئەوەش لە ﴿ أَنَا وَمَنِ اتَّبَعَنِي ﴾ دەردەكەوێت .

٤ . پێویستە لە سەر هەموو موسڵمانێك بە پێی توانای بە كاری بانگەشە هەستێت ، پەروەردگار فەرموویەتی : ﴿ وَالْمُؤْمِنُونَ وَالْمُؤْمِنَاتُ بَعْضُهُمْ أَوْلِيَاء بَعْضٍ يَأْمُرُونَ بِالْمَعْرُوفِ وَيَنْهَوْنَ عَنِ الْمُنكَرِ ﴾ ( سورة التوبة : ٧١ ) .

٥ . بانگەشە بۆ لای خوای پەروەردگار لە تەواوی شوێنكەوتندایە ، ئەوەش لە ﴿ أَدْعُو إِلَى اللَّهِ عَلَى بَصِيرَةٍ أَنَا وَمَنِ اتَّبَعَنِي ﴾ دەردەكەوێت .

٦ . ڕاستگۆ لە بانگەشەیدا تەنها بانگەواز بۆ لای خوای پەروەردگار دەكات ، و هیچ بەشی خۆی لەو كارەیدا نیە ، چونكە خوای پەروەردگار فەرموویەتی : ﴿ إِلَى اللَّهِ ﴾ ، وە بنەڕەتی بانگەشەكەشی لە سەر زانست و چاوڕۆشنیە چونكە خوای پەروەردگار فەرموویەتی : ﴿ عَلَى بَصِيرَةٍ ﴾ .

٧ . بەرائەت دەربڕین لە موشریك و بێ باوەڕان ، نەك دۆستایەتی لە گەڵ كردن و هاوكاریكردنیان ، ئەوەش لە ﴿ وَمَا أَنَا مِنَ الْمُشْرِكِينَ ﴾ دەردەكەوێت .

**سەرنووسەر**

## ڕۆژگار ( شه‌و و ڕۆژ ) به‌ڵگه‌یه له‌سه‌ر بونی خوای په‌روه‌ردگار

ڕۆژگــار یان زه‌مانه تێكڕا ناوه بۆ كاته‌كانی شه‌و و ڕۆژ كـــه بـریتین لـــه‌بڕینی چـه‌ند ئه‌نـدازه و مه‌ودایـه‌ك كـه قـه‌واره‌ی خـۆر و مـانگ هه‌ریه‌كـه‌یان له‌فه‌له‌كی خۆیاندا ده‌یبڕن .

به‌ڵام ئه‌وه‌ی ڕاستی بێت هه‌ركه‌سێ ڕاست وچه‌پی خۆی پێ له‌یه‌ك جیابكاته‌وه ، ده‌زانێ كه زه‌مان چیه و چۆن شـه‌و دێـت و ڕۆژ ده‌بێتـه‌وه ، وه ڕۆژ ده‌ڕوا و شه‌و به‌سه‌رادا دێت ، ئه‌مه له‌م باره‌یه‌وه گرنگ نیه ، ئـه‌وه‌ی كـه مه‌به‌سـت وگرنگـه ئه‌وه‌یـه كـه زه‌مـان به‌ڵگه‌یـه‌كی هـه‌ره بـه‌هێزه بـۆ بـوونی خـوا و تـاك وته‌نیایی ئه‌و خالیقه .

خوا له قورئاندا ده‌فه‌رموێ : ﴿ وَهُوَ الَّـذِي خَلَـقَ اللَّيْلَ وَالنَّهَارَ وَالشَّمْسَ وَالْقَمَرَ كُلٌّ فِي فَلَكٍ يَـسْبَحُونَ ﴾ ( سـورة الأنبيـاء : ٣٣ ) ، واتا : ئـه‌و خالیقه ئه‌وه‌نده به‌توانایـه شـه‌و و ڕۆژو قـه‌واره‌ی خـۆر و مـانگی دروسـتكردوه وه هه‌ریه‌كـه‌یان لـه ئاسمـانی خۆیـدا ده‌گه‌ڕێن و مه‌له‌ده‌كه‌ن .

وه ئه‌گـه‌ر كه‌سـێ ئه‌وه‌نـده زانسـتی نـه‌بێ بزانـێ شـه‌و و ڕۆژ تازه‌په‌یـدابووه و كـۆن نیـه ، لای كـه‌مـی ده‌زانێ كه شه‌و و ڕۆژ ده‌بێتـه‌وه ، كه‌واته له‌گه‌ڵ ئه‌م فه‌رقه‌یانـدا نه‌شـه و له‌گـه‌ڵ ڕۆژ و نـه ڕۆژ له‌گـه‌ڵ شه‌وداو وه له‌كاتێكی دیاریدا و له‌به‌شێكی شه‌و یا ڕۆژدا هـــه‌رگیز مه‌حاڵـــه كۆبونـــه‌وه‌یان و به‌یـــه‌ك گه‌یـشتنیان ، هـه‌روه‌ها پێویـسته كـه شـه‌و یـا ڕۆژ یه‌كێكیان له‌پێش ئه‌ویاندا هه‌بووبێ .

وه هـه‌ركامیان لـه‌پێش ئـه‌ویتردا دروسـت بوبـێ ، ئـه‌وه ئه‌مه‌كـه‌یان بـێ گومـان لـه‌دوای ئـه‌وه‌وه به‌چـه‌ند كاتێكی دیاریكرا و په‌یدا بوه ، كه‌واته ئه‌م نمونه‌یه كـه هێنامانـه‌وه به‌ڵگه‌یـه‌كی ئاشـكرایه و وه‌ك ڕۆژی ڕونـاك وایـه كه‌هـه‌ردوكیان تـازه‌ن وكـۆن نـین ، وه دروست كاری شه‌و و ڕۆژ هه‌ر خوای تاك و ته‌نهایه و گومانی تیادا نیه .

به‌ڵگه‌یـه‌كی تـر له‌سـه‌ر تـازه‌یی شـه‌و و ڕۆژ بـه‌م جۆره‌یـه هـه‌موو ڕۆژێ لـه‌دوای ڕۆژێكـی تـره‌وه هاتووه ، و ده‌ستی پێكردووه وه ڕۆژێ له‌پێشیه‌وه و ڕۆژێ له‌دوایـــه‌وه ، وه ئاشـــكرایه ئـــه‌و ڕۆژه‌ی كه‌هێشتا نه‌هاتووه ، جا كه دێت وه‌ك سبه‌ینێ بێ ئه‌مه‌تازه‌یـه و كـۆن نیـه ، وه گومـان له‌وه‌دانیـه كـه هه‌رشـتێ به‌شـێكی تۆزوقـاڵێكی تازه‌بـێ هـه‌مووی تازه‌یـه بـــۆ ؟ چـــونكه ڕۆژه‌كـانی پـێش تـریش هـــه‌روه‌ها پـــه‌یدابوون ، ئـــه‌مڕۆ ئـــاوێنه‌یه بـــۆ پـاش وپێشی خـۆی .

وه به‌ڵگه‌یـه‌كی تـر كـه‌ڕۆژگار تێكـرا تـازه په‌یـدا بووه ئه‌مه‌یه : وه‌ك ئاشكرایه شه‌و و ڕۆژ بریتین له بڕینـی چـه‌ند ژماره و مه‌ودایـه‌كی دیـاریكراو ، بـۆ نمونـه سـاڵی هـه‌تاوی سـێ سـه‌دوو شه‌سـت ڕۆژ و شـتێكه ، وه ژمـاره‌ی شـه‌و ڕۆژیـش بـه‌تێكڕایی له‌سـاڵێكدا لـه‌مـه بـه‌ده‌ر نیـه وه ئـه‌م ڕۆژانـه‌یش یـان تـاكن یـان جـووتن ، جـالێی وورد ده‌بینـه‌وه ئه‌گـه‌ر جووبن سـه‌ره‌تای هـه‌موو جووتـێ دووه ، وه ئه‌گـه‌ر تاكبن سه‌ره‌تای هه‌موو تاكێ یه‌كه .

هه‌ر ئه‌مه ئیسپاتی ده‌كات و ده‌یچه‌سپێنێ كـه‌وا شـــه‌و و ڕۆژ ســـه‌ره‌تاو ده‌ســـپێكردنی هه‌یـــه ، جاپێویـسته كه‌یـه‌كێ دروسـتی كـردبن و له‌بوونـه‌وه به‌دی هێنابن كه‌ئه‌ویش خـوای به‌دیهێنـه‌ری جیهـان وزه‌مانـــه ، وه ڕوون و ئاشكرایـــشه هه‌رشـــتێ ده‌سپێكردنی هه‌بێ‌له ئه‌نجام كۆتایشی هه‌ردێت .

ئه‌حمه‌د عه‌لی ز. سلێمانی .ك . پ. كه‌لار . E

## پله و پایه‌ی زانایانی ئیسلام و فێرخوازانی زانست

( أبـــو درداء ﷺ ) ده‌فه‌رموێت : له‌ پێغه‌مبه‌ری خواوه ﷺ بیستم فه‌رمووی : " من سلك طريقاً يبتغي فيه علماً ، ســلك الله بــه طريقاً إلى الجنة ، وإنَّ الملائكة لتضع أجنحتها رضاءً لطالب العلــم ، وإنَّ العالِمَ ليستغفرُ لهُ من في السموات ومن في الأرض ، حــتى الحيتــان في المــاء ، وفضل العالم على العــابد كفضلِ القمر على ســائد الكواكب ، إنَّ العلماء ورثةُ الأنبياء ، إنَّ الأنبياء لــم يــورِّثُوا ديناراً ولادرهمــاً ، أنَّما ورَّثُوا العــلم ، فمن أخَذَ به ، أخــذ بحظٍّ وأفــر " ( صححه العلامة الألباني في صحيح سنن الترمذي ، ٢٦٨٢ ) .

واته : هه‌ر كه‌سێك ڕێگه‌یه‌كی گرته‌به‌ر به‌مه‌به‌ستی فێربوونی زانست ، خوای گه‌وره ڕێگه‌یه‌كی بۆ ئاسان ده‌كات بۆ به‌هه‌شت بیبات ، وه فریشته‌كان باڵی خۆیان بۆ فێرخوازان ڕاده‌خه‌ن ، زانایش ( عـــالم ) چی له‌ئاسمان و زه‌وی هه‌یه داوای لێ خۆش بوونی بۆ ده‌كه‌ن ته‌نانه‌ت ماسیه‌كانی ناو ده‌ریاش ، وه فه‌زڵی زانا ( عـــالم ) به‌سه‌ر عه‌بدوه وه‌كو فه‌زڵی مانگه به‌سه‌ر هه‌موو ئه‌ستێره‌كانی ، زاناكان میراتگری پێغه‌مبه‌رانن ﷺ پێغه‌مبه‌ران میراتی پاره و پولیان نه‌كردوه ، به‌ڵام میراتی زانستیان كردوه ، هه‌ر كه‌سێك ئه‌و میراته‌ی به‌ركه‌وێت یان ئه‌و ڕێچكه‌یه بگرێته‌به‌ر ، ئه‌وه ڕێگای به‌خته‌وه‌ری گرتۆته‌به‌ر .

جا بـرا وخوشـكی بـه‌ڕێزم ئه‌مه‌یه پلـه‌ی زانا وزانسـت لـه ئیسلامدا ، ئێمه‌ش وه‌كو موسوڵمان ئه‌بێت هه‌وڵی ئه‌وه بده‌ین كـه هـه‌ڵگری ئـه‌م دینـه پـیرۆزه بـین وكـه ئـه‌ویش بـه فێربـوونی زانـسته ، وه ئه‌گـه‌ر ئـه‌وه‌شمان نـه‌كرد ده‌بێـت بـه‌بێ زانـست وزانیاری قسه له‌سه‌ر ئایین نه‌كه‌ین ، وه‌ك چۆن په‌روه‌ردگارمان ئه‌فه‌رموێت ﴿ وَأَن تَقُولُواْ عَلَى اللّهِ مَا لاَ تَعْلَمُونَ ﴾ ( الأعراف : ٣٣ ) . بۆیه ئه‌گه‌ر پرسیارێكت هه‌بوو یا لێیان كردی و نه‌تزانی ئه‌وا پرسیار له زانا یاخود له خۆت زاناتر بكه له‌و بابه‌ته‌دا ، وه مه‌رج نیه ئه‌و وه‌ڵامه‌ی زاناكه پێكابێتی خۆ ئه‌گه‌ر نه‌شیپێكابێت ئه‌وا یه‌ك پاداشتی ده‌ست ده‌كه‌وێت به هۆی هه‌وڵدانی بۆ فێربوون ، ئه‌گه‌ریش پێكای ئه‌وا دوو پاداشتی هه‌یه یه‌ك بۆ هه‌وڵدان دوو بۆ پێكانی وه‌ڵام ، به‌ڵگه‌ش ئه‌م فه‌رمووده‌ی پێغه‌مبه‌ری خوایه ﷺ : " إذا حكم الحاكم فأصاب فله أجران و إن أخطأ فله أجــر " ( حديث صحيح ) ، بۆیه بۆ هیچ كه‌سێكمان نیه قسه به زانایه‌ك بكه‌ین كاتێك له قسه‌یه‌كدا نه‌یپێكا بێت ، چونكه ئه‌وان خاوه‌ن ڕێزن له‌لای ئێمه‌ی موسوڵمان ، به‌ڵكو دوعای خێریان بۆ ده‌كه‌ین ، پێغه‌مبه‌رمان ﷺ فه‌رموویه‌تی : " فضل العالم على العباد كفضلي على أدناكم " ( صحيح الجامع الصغير : ٤٢١٣ ) . واته : فه‌زڵی زانا له‌سه‌ر به‌نده‌كانی خوا ، وه‌كو فه‌زڵی منه له‌سه‌ر بچوكترینتان ... وه شاعیر ده‌ڵێ :

و كل خير في اتباع من سلف وكل شر في ابتداع من خلف

واته : هه‌موو چاكه له شوێنكه‌وتنی پێشینه

هه‌موو خراپه‌ش له تازگه‌ری پاشینه

عدنان سعيد.ز.سلێمانی.ك .پ.كه‌لار/عربی

## ئاگاداربه ... تۆ له دۆڵی مێرووله‌دایت

سـوپاس بـۆ خـوای میهربـان ، صـه‌ڵات و سـه‌لام له‌سـه‌ر خۆشه‌ویـستی خـودا ﷺ شـوین كـه‌وتوانی تـاڕۆژی دوای . خودای گه‌وره ده‌فه‌رمێت : ﴿ وَحُشِرَ لِسُلَيْمَانَ جُنُودُهُ مِنَ الْجِـنِّ وَالْإِنسِ وَالطَّيْرِ فَهُمْ يُوزَعُونَ حَتَّى إِذَا أَتَوْا عَلَى وَادِي النَّمْلِ قَالَتْ نَمْلَةٌ يَا أَيُّهَا النَّمْلُ ادْخُلُوا مَسَاكِنَكُمْ لَا يَحْطِمَنَّكُمْ سُلَيْمَانُ وَجُنُودُهُ وَهُمْ لَـا يَـشْعُرُونَ ﴾ ( النحــل ١٧ ــ ١٨ ) ، پێش ئه‌وه‌ی باسی ڕووی ئیعجازی ئه‌م ئایه‌ته بكه‌ین پێویسته هه‌ندێ زانیاری له سه‌ر مێرووله بزانین .

* مێروولـــه ٢٠٪ ی زینـــده‌وه‌رانی ســـه‌ر ڕووه‌ی زه‌وی پێكدێنێ وجۆره‌كانی نزیكه‌ی بیست هه‌زار جۆره كه به‌سه‌ر هه‌موو شوێنێكی زه‌وی دا دابه‌ش بون هه‌یانه به‌درێژای ژیانی له‌ژێر زه‌ویدا ده‌ژی هه‌ندێكیان له سه‌رزه‌وی و له نێوان دار و درختدا سه‌ریان له ده‌شتای یه‌كانی جه‌مسه‌ری باكور یا هێڵی كه‌مه‌ره‌ی زه‌ویدا ده‌ژین مێرووله به شێوه‌یه‌كی كۆمه‌ڵ ده‌ژێت و به به‌رده‌وامی له ئیش كردندان ، و ئه‌ندامه‌كانی ئه‌م شاره مێرووله‌یه ملكه‌چ و گوێڕایه‌ڵی ته‌واویان هه‌یه له یه‌ك شاره مێرووله‌دا چه‌ندین كۆمه‌ڵه هه‌یه كه هه‌ر كۆمه‌ڵه‌یان كاری جیاواز له‌وانی تر ده‌كات هه‌ندێكیان له كشتو كاڵدا و هه‌نـدێكی تـر لـه بونیـان و هه‌ڵكه‌نـدنان هه‌نـدێكیان بـۆ بـه‌خێوكردنی كۆرپــه‌كان تــه‌رخان كــراون هــه‌روه‌ها لــه كۆكردنه‌وه‌ی خواردن بۆ شاره‌كه و فرێدان كۆكردنه‌وه‌ی زبڵ ، بـه‌ڵام لـه كـاتی جه‌نگـدا مێروولـه‌كان به‌گـشتی ده‌بـن بـه سه‌ربازێكی گوێڕایه‌ڵ له ڕیزه‌كانی سه‌ربازیدا ، مێرولـه هه‌تا مردن به‌رگری له شاره‌كه‌ی خۆی ده‌كات هه‌روه‌ها له جه‌نگدا دوژمنـانی هه‌ڵده‌خه‌ڵه‌تێنێ و پـلان بـۆ ڕووبه‌ڕووبونـه‌وه‌كان داده‌نێت تـا ڕاده‌ی بـه‌رده‌بارانكردنی دوژمـن لـه كـاتی گڵپـه‌ی جه‌نگدا كۆمـه‌ڵێك لـه توێـژه‌ره‌وانی ئـه‌مریكی لـه مۆزخانـه‌ی ئـه‌مریكی بـۆ مێرووه‌كـان كارده‌كـه‌ن كـۆنترین شـوێنه‌واری

هەڵکەندی مێروولەیان دۆزیەوە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ نزیکەی (٩٢) ملیۆن ساڵ لەمەوبەر .

شاژنی مێروولە : مێروولەی کارگەر ( الشغالات ) ( Ant workers ) لە هەموو جۆرەکانی تری مێروولە بلاوترە لە جیهاندا وهەموویان مێیەن ( ڕوویەکی گەورەی ئیعجازی ئەم ئایەتە لەوەدایە کە دەفەرمویت ( قالت نملــة ) واتە مێروولەیەکی مێینە وتی ) کەوەك باسمان کردن مێیەی مێروولە زۆرترین ژمارەیان هەیە تەنها کارکەرن لە شارە مێروولەدا ... هەموو شارە مێروولەیەك شاژنێکی هەیە ، کە ئەویش تەنها یەك کاری لە ئەستۆدایە کە بریتی یە لە گەرادانان ، ژمارەی گەڕاکان بە پێی جۆری مێروولەکە دەگۆڕێت گەراکان لە نێوان ( سەدان تا ملیۆنەها ) گەرا دەبێت ، جۆری مێروولەی ئیفریقی شاژنەکەی نزیکەی سێ تا چوار ملیۆن گەرا لە مانگێکدا دادەنێ مێروولە بە تەمەن درێژترین مێروو دادەنرێ لەسەر ڕووی زەوی دا ، بۆ بەراورد کردن تەمەنی مێش دەگاتە دوو مانگ بەلام دەبینی مێروولە لە نێوان چەند مانگێك تا چەند ساڵێك دەژی لەوانەیە تەمەنی شاژن بگاتە (٢٠) ساڵ ، بەلام نێرەی میروولە تەنها لە کاتی پێویستی دا بەرهەم دەهێنرێ ئەویش کاتێك کە شاژن بڕیاری جوت بونی دا پاش ئەو جوت بوونە نێرەکان دەمرن .

ــ لەکاتی گەڕان بە دوای خۆراکدا : مێروولە لە هەموو ئەو شتانە دەخوات کە ناتوانێت بیانگوزێت،بۆیە شیلەی گوڵ و ڕووەك ودانەوێڵە وتەنانەت مێرووی مردوش دەخوات مێروولەی ڕاوکەر دەگەڕێتە بە دوای خۆراکەکەیدا بە کۆمەڵ ئەم کاری ڕاوە دەکەن ، جاروبار ژمارەیان لە نێوان (١٠٠٠٠ــ ٥٠٠٠٠) دەبن و هێرش دەبەنە سەر هەر ئاژەڵێك لەسەر ڕێگەیاندا بێت .. ئەوی کە زانراوە مێروولە مار وباڵندە وهەندێ لە خشۆکەکان دەکوژێ و لەوانەیە ئاژەڵی گەورەتریش بکوژێ لەکاتی خەوتندا . وەك ئەسپ یان مانگا . کاتێکیش مێروولەی ڕاوکەر خواردنی دۆزیەوە دەگەڕێتەوە بۆ هێلانەکەی ( شارە مێروولەکەی ) وئەو شلەیە لە دەمیەوە ڕوو دەکاتە ناو دەمێکی برسی ڕوو بەڕووی بوو . وە تێری دەکات . مێروولە لە توانایدا هەیە (١٠ــــ ٥٠) ئەوەندەی قەبارەی خۆی شت هەڵگرێ ئەمیش وەك هەڵگرتنی ئۆتۆمبێلێکی بچووك وایە مۆرڤێکەوە کە کێشەکەی (٧٠ کگم ) بێت بۆماوەی ( ٧ ــ ٨ ) میل ، جۆرێك لە مێروولە ... هەڕەشە لە وولاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا دەکات .

زۆر شوێن لە باشور و خۆراوای ئەمریکا لە کارەساتێکی تەواوەتی دا دەژی لەگەڵ جۆرێك لە مێروولە کە کار دەکاتە سەر مرۆڤ و ئاژەڵ و بەرو بوومی گشت و کاڵی بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ ، ئەم جۆرە مێروولەیە کە ناسراوە بە مێروولەی ئاگر ( نمل اللهب ) ( Fire Ants ) ، بڕی زیانی ولایەتی تکساس بە هۆیەوە بە (٣٠٠) ملیۆن دۆلار ساڵانە مەزەندە دەکرێت ، و لە تازەترین لێکۆڵینەوەی ڤێتەر نەریدا بڕی زیانی بەرهەمی مەڕمالات بە (٧٦) ملیۆن دۆلار ساڵانە مەزەند دەکرێت ، ئێسایش دوای ئەم زانیاریە گشتی یانە لە بارەی مێروولە و بابگەڕێنەوە سەر باسی ئایەتەکە : ﴿ قَالَتْ نَمْلَةٌ يَا أَيُّهَا النَّمْلُ ادْخُلُوا مَسَاكِنَكُمْ لَا يَحْطِمَنَّكُمْ سُلَيْمَانُ وَجُنُودُهُ وَهُمْ لَا يَشْعُرُونَ ﴾ ( النمل : ١٨) ، ڕاڤەوانانی قورئان لەسەر ئەم ئایەتە دەفەرموون مێروولە (ئاگاداری کردنەوە دوای داوای لێبوردنی کرد پاشان پاساوی هێنایەوە) چونکە دەیزانی سُلیمان پێغەمبەرە، پێغەمبەرانیش زوڵم و ستەم ناکەن ، هەرچەند بەرامبەر بەلاوازترین دروست کراوانی خوداش بە پێی زانایانی زمانەوانی ورەوانبێژی عەرەبی سەبارەت بەم ئایەتە دەڵێن ئەم ئایەتە جۆر ورەگەزی زمانەوانی کۆکردۆتوە .

بانگەوازکردن ( نادت ) ئەویش بە ( یا ) .

دەرکەی بەکار هێناوە ( كناية ) بە ( أيّ ) .

ئاگاداری کردنەوە ( نبهتهم ) ئەویش بە ( ها ) .

ناوی نان ( سَّمتهم ) ئەویش بە ( النمل )

فەرمانی پێدان ( أمرهم به ) ( ادخلوا ) .

ئامۆژگاری کردن بە گەڕانەوە ( وصت ) بە : مساکنکم .

ئاگادار کردنە ( تحذير ) بە : يحطمنكم .

تایبەتمەندی کردن ( تخصيص ) بە : سُليمان .

گشتی کردنی ( تعميم ) بە : ( جنودهم ) .

ئاماژە کردن ( إشارة ) بە : هُم .

پاساوی بۆ هێنانەوە ( إعذار ) بە : لايشعرون .

**بەم جۆرەش مێروولەکە پێنج ماف و فەرمانی جێ بەجێ کرد :**

ماڤی خودا : بە باوەڕهێنان بە پێغەمبەرەکەی .

ماڤی پێغەمبەرەکەی خودا ( سُليمان ) . بەوەی کە ( سُليمان ) فەرمانی پێکراوە بەوێدا بڕوات .

ماڤی خۆی بەوەی کە هەستا بە بانگەوازەکە .

ماڤی شوین کەوتووەکانی لە مێروولە بەوەی کە ئاگاداری کردنەوە لە تیاچوون .

ماڤی سەربازەکانی ( سُــــليمان ) بەوەی کە پاساوی بۆ هێنانەوە لەبەر ئەوەی کە ئاگادار نین .

**نەرمین حەیدەر. ز . سلیمانی .ك.پ.فیزیا**

## چاو ئه‌ندامێك بۆ شوكرانه‌بژێری نیعمه‌تی خوای په‌روه‌ردگار یان هۆكارێك بۆ تاوان

یه‌كێك له‌نیعمه‌ته هه‌ره‌گه‌وره‌كان كه خوای گه‌وره به مرۆڤی به‌خشیوه نیعمه‌تی چاوه به‌ڕاستی مرۆڤ به‌بێ ئه‌م ئه‌ندامه ناتوانێت دروست سود وه‌ربگرێت له ژیانی خۆی به‌شێوه‌یه‌كی ، چونكه مرۆڤ له‌ڕێگه‌ی ئه‌م ئه‌ندامه‌وه ئه‌توانێ فێری ئاینه‌كه‌ی ببێت ، وه هه‌روه‌ها به‌بێ ئه‌و ئه‌ندامه مرۆڤ ناتوانێت سود له زانست وزانیاریه‌كان وه‌ربگرێت وفێریان ببێت ، ئه‌م نعمه‌ته گه‌وره‌یه‌ی خوای گه‌وره لێپرسینه‌وه‌ی له‌سه‌ره و لێی به‌ر پرسیارین و له‌ڕۆژی قیامه‌تدا لێپرسینه‌وه‌مان لێده‌كرێت خوای گه‌وره له قورئاندا ده‌فه‌رموێت : ﴿ إِنَّ السَّمْعَ وَالْبَصَرَ وَالْفُؤَادَ كُلُّ أُولَئِكَ كَانَ عَنْهُ مَسْؤُولاً ﴾ ( الإسراء : ٣٦ ) ، خوای گه‌وره پرسیارت لێده‌كات له چیدا چاوه‌كانت به‌كارهیناوه ئه‌گه‌ر له‌چاكه‌دا به‌كارت هینا بێت ئه‌وا پاداشتت به چاكه ئه‌درێته‌وه ، به‌پێچه‌وانشه‌وه ئه‌گه‌ر هاتوو له‌ڕێگه‌ی خراپه وحرامدا به‌كارت هێنا ئه‌وه ئه‌و كاته سززات به‌خراپه‌یه .

به‌ڕاستی ئه‌وه‌ی زیاتر پاڵی به‌منه‌وه نا ئه‌م بابه‌ته بنوسم ئه‌بینین ئه‌مڕۆ زۆرێك له‌خه‌ڵكی گوێ به‌پارستنی چاویان ناده‌ن به‌رامبه‌ر به حه‌رام كراوه‌كانی خوای گه‌وره ئه‌مه‌ش زیاتر له زانكۆ و په‌یمانگاكاندا چ سه‌یركردنی پیاوان بێت بۆ ئافره‌تان یان سه‌یركردنی ئافره‌تان بێت بۆ پیاوان چونكه بۆ هه‌ردوكیان وه‌كو یه‌ك حه‌رامه ،چونكه ئه‌م سه‌یركردنه ده‌بێته هۆی ئه‌وه‌ی كه‌وا توشی نه‌خۆشی ئاره‌زووه‌كان بن له دڵیاندا ، چونكه ده‌بێته هۆكارێك بۆ تاوانكردن ئه‌ویش تاوانی زینا كردنه ، چونكه سه‌یركردن به‌ریدی زینایه پێغه‌مبه‌ر ﷺ ئه‌فه‌رموێت : " العينان زناهما النظر " ( البخاري : ٥٣٢٩ ) ، واته : زینای چاو سه‌یركرنه .

به‌ڕاستی چاو له ئیسلامدا پاییه‌كی به‌رزی هه‌یه وه مافی ئه‌م چاوه‌ش له‌سه‌ر موسڵمانان زۆر گه‌وره‌یه له مافه‌كانی چاو :

١ . پارستنی چاو له حه‌رام كراوه‌كان : خوای گه‌وره له قورئاندا فه‌رمانمان پێ ده‌كات و ده‌فه‌رموێت : ﴿ قُلْ لِّلْمُؤْمِنِينَ يَغُضُّوا مِنْ أَبْصَارِهِمْ وَيَحْفَظُوا فُرُوجَهُمْ ذَلِكَ أَزْكَى لَهُمْ إِنَّ اللَّهَ خَبِيرٌ بِمَا يَصْنَعُونَ وَقُل لِّلْمُؤْمِنَاتِ يَغْضُضْنَ مِنْ أَبْصَارِهِنَّ ﴾ ( النور : ٣٠ – ٣١ ) ، واته : ئه‌ی پێغه‌مبه‌ری خوا ﷺ فه‌رمان به ئیماداراني پیاو و ئافره‌ت بكه كه چاویان به‌رامبه‌ر به حه‌رام كراوه‌كانی خوای گه‌وره بپارێزن و داوێنیان پاك ڕابگرن ئه‌مه چاكتره بۆیان خوای گه‌وره شاره‌زایه به‌و كارانه‌ی كه ئه‌وان ئه‌نجامی ئه‌ده‌ن .

پیغه‌مبه‌ری خوا ﷺ فه‌رموی به ئیمامی علی رضي الله عنه : " يا علي لا تتبع النظرة النظرة ، فإن لك الأولى وليست لك الأخيرة " ( حسنه الألباني في صحيح سنن أبي داود ) .

واته : ئه‌ی عه‌لی چاو مه‌بڕه به دوای ئه‌و حه‌رامه‌ی كه به‌رچاوت ده‌كه‌وێت ،چونكه یه‌كه‌م جار كه به‌رچاوت كه‌وت یه‌كسه‌ر چاوت داخست ئه‌وا تاوانت له‌سه‌ر نیه ، ئه‌گه‌ر هاتوو دوباره سه‌یرت كرده‌وه ئه‌وا ئه‌مه‌یان به تاوان له‌سه‌رت ده‌نوسرێت .

٢ . یه‌كێكی تر له مافه‌كانی چاو وای لێ بكه‌ین له پێناوی خوادا بگریت : ئه‌گه‌ر هاتوو وابوین ئه‌وا یه‌كێكین له‌و حه‌وت كۆمه‌ڵه كه له‌ژێری سێبه‌ری عه‌رشی خواداني له ڕۆژی دواییدا ، كه هیچ سێبه‌رێك نیه جگه له سێبه‌ری عه‌رشی ئه‌و نه‌بێت : " ... و رجل ذكر الله خاليا ففاضت عيناه ... " ( البخاري : ٦٢٩ ) ، واته : كه‌سێك زكری خوا بكات فرمێسك به چاوه‌كانیدا بێته خواره‌وه .

٣ . یه‌كێكی تر له مافه‌كانی چاو وای لێ بكه‌ین كه ببێته پارێزه‌رێك له پێناوی خوای گه‌وره‌دا ، ئه‌گه‌ر هاتوو چاوه‌كانمان بو به‌پارێزه‌ر له‌پێناوی خوادا ئه‌وا ئاگر نایسوتێنێت له ڕۆژی قیامه‌تدا ، وه‌كو پێغه‌مبه‌ری خوا ﷺ له باسی ئه‌و سێ كۆمه‌ڵه كه ئاگر نایان سوتێنێت فه‌رموویه‌تی : " عين تحرس في سبيل الله " ( صحيح الجامع : ٤١١٢ ) ، واته : چاوێك له پیێناوی خوادا پارێزگاری بكات ، له كوتایدا داواكارم له خوای گه‌وره كه وامان لێ بكات كه‌وا چاوه‌كانمان بپاریزین له ئاستی حه‌رام كراوه‌كاندا و ببینه پارێزه‌ریك بو دینه‌كه‌ی .

م . كۆسار عبدالعزیز . شه‌ریعه‌ی دهۆك

## وریای عەقلاندنی شەریعەت بن !!

ئەو کاتەی ئاینی پیرۆزی ئیسلام دابەزی باوەڕکردن بەزۆرێك لە کارە پەنهانەکان بۆ ئەو کۆمەڵگەیە کارێکی ئەستەم بوو ، بەڵام ئێستا بە هۆی پێشکەوتنی دونیا لە هەموو بوارەکاندا بوار نەماوە بۆ بیردۆزی مادیەت و باوەڕنەکردن بەشتە نابەرجەستەکان چونکە زۆر شتی پەنهان و نادیار واقعین و کاریگەریان لەسەرمان هەیە،لەگەڵ ئەوەشدا هەندێك کار و فەرمانی شەریعەت بە عەقڵ مەزەندە ناکرێت چونکە عەقڵ ناتوانێت دەرکی هەموو ڕاستیەکان بکات ، ئیمامی عەلی رضي الله عنه دەفەرموێت : (( لو كان الدين بالرأي لكان أسفل الخف أولى بالمسح من أعلاه ، وقد رأيت رسول الله ﷺ يمسح على ظاهر خفيه )) ( رواه أبو داود وصححه الالباني ) ، واتە : ئەگەر ئەمر و فەرمانەکانی ئایین بەڕەئی وەرگیرابا دەبوو ژێری ( خف ) مسح بکرێت لەباتی سەرەوەی وە من پێغەمبەری خودام بینی ﷺ سەرەوەی خوفەکانی مەسح کرد ، لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا لەبەر زاڵی ڕاگەیاندن و پڕوپاگەندەی ڕۆژئاوا هەندێك لە موسڵمانان کەوتونەتە ژێر کاریگەری ئەو تەوژمە ئیلحادیەی کە شەپۆلەکانی لەوێوە سەرچاوەدەگرێت ، لەژێر ئەو فشارەدا ئەمانیش ناچار بوون کە پاساوی عەقڵیانە بۆ زۆرێك لە کارە پەنهان و حوکمە شەرعیەکان بهێننەوە بەوەش دەرگایەکی خراپیان لە خۆیان و موسڵمانان کردوەتەوە ، بۆیە ئێوەی ڕۆشنفکر لە هەمووان زیاتر لە ئەستۆتانە بەرەنگاری ئەو شاڵاوەی عەقلاندنی ئاین ببنەوە لە ڕوانگەی بەرپرسیاریەتی ئاینیتان و فەرمانکردن بەچاکەو یاساغی کردنی خراپە ئەمە لەلایەك ، لەلایەکی تریشەوە بزانن نەك تەنها ئاین هەندێك کاروفەرمانی پەنهان هەیە ، بەڵکو زۆرێك لە کاروفەرمانەکانی دونیاش هێشتا نەزانراون و لە چوارچێوەی بیردۆزەکاندا ماونەتەوە کە بە پەنهانەکانی بوونەوەر ناوزەد دەکرێن ( أسرار الكون ) یان پەنهانەکانی زانست ( أسرار العلم ) ، بۆ نمونە هیچ دکتۆر و شارەزایەك نەیتوانیوە ڕاڤەیەکی ڕۆح بکات و بڵێت کە جیاوازی چی یە لە نێوان کەسێك کە تا ساتێك پێش ئێستا زیندووە و لەناکاو دەمرێت ! بۆیە بە عەقڵ مامەڵە کردن لەگەڵ زۆرێك لە ئەرکە شەرعیەکان پێویست نییە لەسەر ئێمە ، وە هەروەها پاساوی عقڵی بۆ هێنانەوەیان چونکە سەرەتایی ترین پێناسەی ئیسلام بریتی یە لە مل کەچ بوون و ڕازی بوون بە ورد و درشتی شەریعەت ، لەبەر ئەوە پێشینان زۆر بە توندی بەرپەرچی ئەو جۆرە کارانەیان داوەتەوە ، کابرایەك پرسیاری لە ئیمامی مالك کرد : چۆن خودا بەرز و بڵند بووەتەوە بەسەر عەرشدا ( استوى ) پێیگووت : خودا بەرز و بڵند بووەتەوە بەسەر عەرشدا و پرسیار کردن لە چۆنیەتی بدعەیە ، خودای مەزن دەفەرموێت : ﴿ هُوَ الَّذِيَ أَنزَلَ عَلَيْكَ الْكِتَابَ مِنْهُ آيَاتٌ مُّحْكَمَاتٌ هُنَّ أُمُّ الْكِتَابِ وَأُخَرُ مُتَشَابِهَاتٌ فَأَمَّا الَّذِينَ في قُلُوبِهِمْ زَيْغٌ فَيَتَّبِعُونَ مَا تَشَابَهَ مِنْهُ ابْتِغَاء الْفِتْنَةِ وَابْتِغَاء تَأْوِيلِهِ وَمَا يَعْلَمُ تَأْوِيلَهُ إِلاَّ اللّهُ وَالرَّاسِخُونَ فِي الْعِلْمِ يَقُولُونَ آمَنَّا بِهِ كُلٌّ مِّنْ عِندِ رَبِّنَا وَمَا يَذَّكَّرُ إِلاَّ أُوْلُواْ الألْبَابِ ﴾ ( آل عمران : ٧ ) ، واتە : خودایەکە قورئانی بۆ دابەزاندویی هەندێك لە ئایەتەکانی ڕون و ئاشکرایە لای هەمووان وە هەندێکی تری لای زۆربەی خەڵك مانا و دەلالەتی ڕون و ئاشکرا نی یە ، ئەوانەی کە دڵیان نەخۆشە ئەو ئایەتانە دەبەن بۆ مەستی خۆیان ڕاڤەی دەکەن بەڕەئی و هەوا و ئارەزویان ، وە تەنها خودا مانای ئەو ئایەتانە دەزانێت وئەوانەی ڕۆچوون لە زانستدا دەڵێن باوەڕمان بە هەمووی هەیە لای پەروەردگارمانەوەیە تەنها ئەوانە زیکرو یادی خودا دەکەن کە خاوەن عەقڵ و ژیرن .

**م.عثمان أحمد . بیرکاری**

## ئامانجه‌كانی ئیسلام و پێداویستی مانه‌وه‌ی

ئیسلام ئه‌و دینه ته‌واو و پوخت و بێ كه‌م وكوڕیه‌یه كه دانه‌ره‌كه‌ی خوای دانایه ، بۆیه له‌گه‌ڵ هه‌موو سه‌رده‌م و شوێنێكدا هه‌میشه گونجاو بووه و نه‌گونجێنراوه و ده‌شگونجێت ، وه سه‌رجه‌م په‌یوه‌ندیه‌كانی ژیانی له‌نێوان لایه‌نه‌كاندا ڕێك خستووه ، وه‌كو په‌یوه‌ندی مرۆڤ له‌گه‌ڵ خۆی ، مرۆڤ له‌گه‌ڵ خوای خۆی ،مرۆڤ له‌گه‌ڵ مرۆڤ ، مرۆڤ له‌گه‌ڵ دار و ئاژه‌ڵ و ... هتد ... واته : ژیان بریتیه له‌چوار گۆشه‌یه‌كی په‌یوه‌ندیدار كه ئیسلام وێنه‌ی ده‌كات بۆ ئه‌و مرۆڤانه‌ی كه به‌دوای ژیانی ڕاسته‌قینه‌دا ده‌گه‌ڕێن ، ئه‌مه‌ش جیهانگیری و به‌رده‌وامی و نه‌گۆڕی و بێ نیازی ئیسلام ده‌گه‌یه‌نێت ، له‌به‌ر ئه‌وه‌ی ئیسلام ته‌نها بۆ به‌شێكی ( لایه‌نێكی ) ژیان و بۆ شوێنێكی دیاری كراو و بۆ نه‌ته‌وه‌یه‌كی خاوه‌ن زمان وكلتوری تایبه‌ت و بۆكاتێكی دیاری كراوی ژیان دانه‌نراوه و ( نه‌هاتووه ) ، به‌ڵكو خاوه‌نی كۆمه‌ڵه ئامانجێكی بێ وێنه‌یه و هاتووه بۆ به‌دیهێنانیان له‌هه‌موو شوێن وسه‌رده‌مه‌كاندا و بۆ هه‌موو گه‌ل و نه‌ته‌وه‌كان ، ئامانجێلێك گه‌ر كه‌سێك به‌ژیریه‌كی ته‌واوه‌وه تێیان بڕوانێت جگه له‌ملكه‌چ بوون و گه‌واهی دان بۆی هیچی تری بۆ هه‌ڵ نابژێرێ ، له‌به‌ر ئه‌وه‌ی هێنانه‌دی ئه‌و ئامانجانه‌ش كه‌بۆی هاتووه سه‌ره‌ڕای به‌خته‌وه‌ری مرۆڤه‌كان و كۆمه‌ڵگاكان و ژیان وجیهان به‌گشتی ، مسۆگه‌ركردنی ژیانی دواڕۆژی تاكه‌كانیشی تێدایه ، ئه‌و ئامانجانه‌ش ( پاراستنی دین ، پاراستنی ماڵ ( سه‌روه‌ت و سامان ) ، پاراستنی وه‌چه و شه‌ره‌ف و ناموس ، پاراستنی نه‌فس ، پاراستنی عقل ) كه هه‌ریه‌كه‌یان به‌چه‌ند ڕێگایه‌كی دیاریكرا و دێته‌دی وا له خواره‌وه به‌كورتی له‌سه‌ر هه‌ریه‌كه‌یان ده‌دوێین :

١. پاراستنی دین : بۆ ئه‌وه‌ی خوای حه‌ق به‌ته‌نها بپه‌رسترێت ، و به‌نده‌كان وه‌كو مرۆڤ مامه‌ڵه‌یان له‌گه‌ڵدا بكرێت نه‌ك وه‌كو ژێر ده‌سته‌یه‌ك ؟ هه‌ستاوه به‌قه‌ده‌غه‌كردنی به‌ندایه‌تی كردنی به‌نده‌كان بۆ یه‌كتری وه‌كو ربعی كوڕی عامر ده‌فه‌رمێت : (( نحن قوم ابتعثنا الله بالإسلام لنخرج العباد من عبادة العباد إلى عبادة رب العباد )) ، واته : ئێمه نه‌ته‌وه‌یه‌كین خوا به‌ئیسلامه‌تی ناردووینی بۆ ده‌رهێنانی به‌نده‌كان له‌به‌ندایه‌تی كردنی به‌نده‌كان بۆ به‌ندایه‌تی كردنی خوای به‌نده‌كان )

هه‌روه‌ها ڕێگه‌نه‌دان به‌په‌رستنی گۆڕ و داواكردن لێی وپه‌رستنی شتی بێ گیان و مرۆڤ و ئاژه‌ڵ و ... هتد .

٢ . پاراستنی ماڵ ( سه‌روه‌ت و سامان ) : ئیسلام ڕێز له‌سه‌روه‌ت وسامانی خه‌ڵك ده‌گرێت و مافی خاوه‌نداریێتیان ده‌پارێزێت بۆیه ده‌ستدرێژی كردنه سه‌ر ماڵی كه‌سانی تر به‌ناڕه‌وا قه‌ده‌غه‌ده‌كات له‌ڕێگه‌ی ( حه‌رام كردنی دزی و داگیركردن و خیانه‌ت وڕیبا و فێڵكردن له‌پێوانه و كێشانه‌دا و به‌رتیل و...هتد ) وه هه‌موو ئه‌وانه به‌خواردنی ماڵی خه‌ڵكی به ( باطل ) ناوده‌بات وه‌كو خوای گه‌وره ده‌فه‌رمێت : ﴿ وَلاَ تَأْكُلُواْ أَمْوَالَكُم بَيْنَكُم بِالْبَاطِلِ ﴾ ( البقرة : ١٨٨ ) ، واته : له‌نێوان خۆتاندا ماڵی یه‌كتر مه‌خۆن به‌ناڕه‌وا .

٣ . پاراستنی وه‌چه ( نسل ) : له‌پێناو پاراستنی وه‌چه‌ی مرۆڤه‌كان وناسینی باوك له‌لایه‌ن منداڵه‌كه‌ی وبه‌پێچه‌وانه‌شه‌وه له چوارچێوه‌ی خێزانێكدا ، وه نه‌هێشتنی تێكه‌ڵ بوونی وه‌چه‌ی مرۆڤه‌كان وجیاكردنه‌وه‌ی له‌ژیانی ئاژه‌ڵی ، هه‌ستاوه به‌قه‌ده‌غه‌كردنی داوێن پیسی ( زنا ) و تۆمه‌ت هه‌ڵبه‌ستن به‌زینا ( قذف ) وهه‌موو ئه‌وانه‌ی شه‌ره‌ف وناموسی مرۆڤه‌كان له‌كه‌داره‌ده‌كه‌ن ... هتد .

٤ . پاراستنی نه‌فس : ئیسلام له‌پێناو پاراستنی مرۆڤه‌كان وقه‌ده‌غه‌كردنی ده‌ستدرێژی كردنه سه‌ر ژیانیان هه‌ستاوه به سزادانی بكوژ و ئه‌وانه‌ی تاوانی وه‌كو بڕین و لێدان وڕفاندن و چاو ده‌رهێنان و گوێ بڕین و ئێسك شكان ودان شكاندن و .... هتد . به‌رامبه‌ر به‌مرۆڤه‌كان ئه‌نجام ئه‌ده‌ن .

٥ . پاراستنی عقل : خوای گه‌وره وه‌كو ڕێزێك له ئاده‌میزاد و جیاكردنه‌وه‌ی له دروستكراوه‌كانی تر ژیری ( عقل ) ی پێبه‌خشیوه وه‌كو ده‌فه‌رمێت : ﴿ وَلَقَدْ كَرَّمْنَا بَنِي آدَمَ ﴾ ( الإسراء : ٧٠ ) ، واته : به‌دڵنیاییه‌وه ڕێزمان له‌مرۆڤه‌كان ناوه ، بۆ هێنانه‌دی ئه‌م ئامانجه‌ش خواردنه‌وه و كێشانی مادده هۆشبه‌ره‌كانی قه‌ده‌غه‌كردووه كه به‌هۆیانه‌وه مرۆڤ توشی له‌ده‌ستدانی ژیری ده‌بێت ، ئه‌و هۆشبه‌رانه‌ش وه‌كو : مه‌ی ( خمر ) به‌هه‌موو جۆره‌كانیه‌وه . وه تلیاك به‌هه‌موو جۆره‌كانیه‌وه ) به‌وه‌شه‌وه ناوه‌ستێت به‌ڵكو له‌ڕێگه‌ی قه‌ده‌غه‌كردنی مامه‌ڵه كردن پێیانه‌وه ده‌رگا له‌سه‌ر كڕیارو فرۆشیار و بازرگانانی داده‌خات .

پاش زانین وتێگەیشتنمان لەئیسلام وئەو ئامانجانەی لە پێناویدا هاتووە جێی خۆیەتی لەخۆمان بپرسین ئایا کام یاساو ؟ کام بەرنامەی ژیان ؟ ئامانجەکانی هاوێنەی ئامانجەکانی ئیسلامن ؟ بەدڵنیاییەوە گەر بەئینسافەوە وەڵام بدەینەوە دەڵێین هیچ کامیان شایەنی ئەوەنین بەراووردیان بکەی تەنانەت لەگەڵ یەک ئامانجی ئیسلامدا ، چونکە هەرکامێکیان بگری دانراوی مرۆڤ یان چەند مرۆڤێکن کە ئەو مرۆڤانەش لەلایەن دانەری یاسای ئیسلامەوە دروستکراون ، کەواتە لەکۆتاییدا دەتوانین بڵێین پێداویستیەکانی بەردەوام بوونی ژیان بەمانا ویستراوەکەی وبەختەوەری مرۆڤەکان تەنها لەئاینی ئیسلامدا بەدیدەکرێت بۆیە ڕوناکیەکەی بەفوی هیچ کەسێک نەکوژاوەتەوە و ناشکوژێتەوە وەکو خوای گەورە دەفەرمێت : ﴿ يُرِيدُونَ لِيُطْفِؤُوا نُورَ اللَّهِ بِأَفْوَاهِهِمْ وَاللَّهُ مُتِمُّ نُورِهِ وَلَوْ كَرِهَ الْكَافِرُونَ ﴾ ( الصف : ٨ ) ، واتە : بێباوەڕان دەیانەوێت ڕوناکی ئیسلام بەفوی دەمیان بکوژێننەوە ، بەلاَم خوای گەورە ڕووناکیەکەی تەواو وبەردەوام دەکات هەرچەندە بێباوەڕان پێیان ناخۆشبێت .

**پارێزەر . أحمد محمد .**

## دڵت بەچی پڕدەکەی ؟

ئەگەر بتەوێت هەرشتێک لەشوێنێک دابنێیت ، دەبێت دژەکەی لابەری ، ئەمە چۆن لەخودی ماددەدا هەیە بەهەمان شێوەش لە بیروباوەڕدا بەدی دەکرێت .

هەرکاتێک دڵ پڕ بوو لەخۆشەویستی و بیروباوەڕی پوچ ، ئەوە هیچ شوێنێک نامێنێت بۆ بیروباوەڕی ڕاستەقینە و خۆشەویستی خودا ، هەروەک چۆن زمانی مرۆڤێک بەردەوام قسەی بێ کەڵک و بێ سوود بکات ، ئەوە پێی ناکرێت قسەی بە سوود بکات تاکو وازنەهێنێت لەقسەی بێ سوود ، هەروەها ئەندامەکانی مرۆڤ ئەگەر سەرقاڵ بن بەغەیری بەندایەتی خوا ، ئەوە ناتوانێت سەرقاڵ بێت بەبەندایەتی خوای تاک و وازنەهێنێت لە بەندایەتی غەیری خوا .

هەروەها ئەگەر دڵێک سەرقاڵ بێت خۆشەویستی و هۆگری و ئیشتیاقی بۆ غەیری خوا ، ئەوکات ئەو دڵە ناتوانێت سەرقاڵ بێت بەخۆشەویستی و ئیشتیاق بۆ گەیشتن بە خوا تاوەکو دڵی چۆڵ نەکات لەم کارە زەرەرمەندانە ، هەروەها زمان و ئەندامەکانی مرۆڤ ناتوانێت خزمەت و ملکەچی خوا بکەن تاوەکو وازنەهێنن لەخزمەتکردن و زکرو ملکەچ بوون بۆ غەیری خوا .

هەرکاتێک مرۆڤ دڵی سەرقاڵ بوو بە پەرستنی دروست کراوەکانی خواو بەزانستی بێ سود ، ئەوە هیچ شوێنێک نامێنێت بۆ سەرقاڵ بوون بەبەندایەتی خواو ناسینی ناو و سیفات و شەرعی خوا .

نهێنی ئەمە ئەوەیە : کە گوێگرتنی دڵ وەکو گوێگرتنی گوێچکە وایە ، هەرکاتێ دڵ گوێ بگرێ بۆ غەیری فەرموودەی خواخوا و پێغەمبەرەکەی ، ئەوکات هێزی گوێگرتنی نامێنێت و سوود لەفەرمودەی خوا وەرناگرێت ، هەرکاتێک دڵ وێردی کەسێکی تربکات جگە لە خوا ، ئەوکات ناتوانێت وزیکر و یادی خوای گەورە بکات .

پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت : " لأن يمتليء جَوف أحدكم قيما حتى يريهُ خير له من أن يمتليء شعرا " ( صحيح سنن أبي داود : ٥٠٠٩ ) ، واتا : سینەی یەکێک لە ئێوە پڕبێت لە کێم تاکو سینەکانی پڕ دەبێت لە کێم زۆر چاکترە بۆی لەوەی کەسینەی پڕبکات لە شعر .

پێغەمبەر ﷺ ڕوونی دەکاتەوە کە دڵ و هزری مرۆڤ پڕدەبێت لەشیعر و گومان و ئەندێشە و چیرۆک و پێکەنین و زانستی بێ سود و چەندانی تر ، جاکاتێک دڵ پڕ بو لەم شتانە ، ئەو کات ئایەتەکانی قورئان و زانستی بەسود دێت بۆ نیشتنەوە لەسەر ڕووبەری دڵی ، بەلاَم دەبینیت هیچ شوێنێک نەماوە بۆ نیشتنەوەی بۆیە ڕوودەکاتە لایەکی تر ، هەروەک چۆن ئامۆژگاری مرۆڤێک بکەی کەدڵی پڕبێت لە پێچەوانەی ئەم ئامۆژگاریانە بەجۆرێک بواری دەرچوونیشیان نەبێت ، ئەوکات ئەو دڵە ئەو ئامۆژگاریانە وەرناگرێت و ئامۆژگارییەکان جێگەیان نابێتەوە لەو دڵەدا .

**سەرچاوە:ئاوێتەی دڵ،ابن قيم الجوزيه.**

**پشتیوان عەلی .ز. سلێمانی ک . پ .** E

### پێناسەی زانایانی ئیسلام بۆ زانستی شەرعی

وشەی زانست بە چەندین شێواز پێناسە کراوە ، ئاشکرایشە کە ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ جیاوازی بوارەکان ، بۆیە دەبینین هەر بوارێك بە پێی تایبەتمەندێتی بوارەکەی خۆیان پێناسەی زانستیان کردووە ، دیارە پسپۆڕانی بواری ئاین و شەریعەتی ئیسلامیش پێناسەی تایبەتی خۆیان هەیە بۆ زانست ، بە پشتیوانی خوای پەروەردگار لێرەدا هەندێك لەو پێناسانە دەخەینە بەر دەستی خوێنەرانی ( زانستی شەرعی ) :

١ . پێشەوا (شافعي) فەرموویەتی :

كُلُّ العلومِ سِوى القُـــرآنِ مَشغلـــةٌ
إلاَّ الـــحديثَ وإلاَّ الفقهَ فـــي الدينِ
العلمُ ما كــــــانَ فيــه قال حدَّثــنا
وما سِوى ذاكَ وَســـواسُ الشياطـــينِ

واتە : هەموو زانستەکان جگە لە قورئان خۆخەریك کردنە .. تەنها فەرموودە و تێگەیشتن و شارەزا بوون لە دین نەبێت .

٢ . پێشەوا (ابن القيم) فەرموویەتی : (العلمُ قـــال اللهُ قـــال رسولُهُ قال الصحابةُ ...) .

واتە : زانستی شەرعی بریتیە لە : فەرموودەی خوا و فەرموودەی پێغەمبەر ﷺ و فەرموودەی صەحابە ﭫ ...

٣ . ئیمامی (الأوزاعـي) فەرموویەتی : (العلمُ ما جاءَ عــن أصحاب مُحمَّد ﷺ، وما لَــمْ يَجيءْ عن أصحاب مُحمَّد ﷺ فليسَ بعلم) .

واتە : زانستی شەرعی ئەوەیە کە لە صەحابەکانی پێغەمبەرەوە ﷺ هاتبێت ، وە ئەوەی کە لە صەحابەکانی پێغەمبەرەوە ﷺ نەهاتبێت ئەوا علم و زانستی شەرعی نیە .

٤ . پێشەوا (محمد بن عبد الوهاب) فەرموویەتی : (العلم هو : معرفة الله ومعرفة نبيه محمد ﷺ ومعرفة دين الإسلام بالأدلة) .

واتە : زانستی شەرعی بریتیە لە : ناسینی خوا و ناسینی پێغەمبەرەکەی (محمد ﷺ) و شارەزا بوونە لە ئاینی ئیسلام بە بەڵگەوە .

زانستی شەرعی ئەوەیە کە تێیدا بوترێت پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی ... جگە لەمەش هەمووی وەسوەسەی شەیتانە .

٥ . وە پێشەوا (ابـن حجـر العـسقلانـي) فەرموویەتی : (الـمُراد بالعلم : العلمُ الشرعـي الذي يُفيد معرفةُ ما يَجِبُ علـى الـمُكلَّفِ من أمرِ دينهِ فـي عباداتـهِ ومعاملاتهِ ، والعلم باللهِ عَــزَّ وجل وصفاتهِ وما يَجِبُ لَـهُ من القيام بأمرهِ ، وتنـــزيههُ عــن النقائص ، ومدارُ ذلك علــى التفسير والفقه والـحديث) ( فـتح الباري شرح صحيح البخاري : ١ / ١٨٧ ) .

واتە : مەبەست بە زانست : زانستی شەرعیە کە سودی شارەزابوونی تێدایە لەوەی کە پێویستە لە سەر هەموو موسڵمانێکی ئەرك لە سەر (تەکلیف لێکراو) لە بواری ئاینەکەیدا لە پەرستنەکانی و لە هەڵس و کەوتەکانیدا ، وە زانیاری دەربارەی خوای گەورە و سیفەتەکانی و ئەوەی کە پێویستە لە سەری لە پێناوی ئەودا پێی هەڵبسێت لە فەرمانەکانی و پاك ڕاگرتنی لە کەم و کوڕی ، وە هەموو ئەوانەش ڕاوەستاون لە سەر : تەفسیر و فیقهو فەرموودە .

**م . محمد عبدالرحمن . شەریعەی دهۆك**

## مانای وەرزش لەدیدی زانایانەوە

شیخ ( ابن السعدي ) لەکتێبی ( الرياض الناضـــرة ) دا ، لـــە بەشــــی (٢٧) دا ، دەربـــارەی وەرزش فەرموویـــەتی : وەرزش بریتیـــە لـەڕاهێنان وڕاهـاتن لەسەر ئەو کردەوانەی کە دەبێتە مایەی سوودمەندی ژیانی مرۆڤ لەئێستا و داهاتوودا وە بتوانێت لەهەمان کاتدا ئامانجە باڵادەستەکانی تیادا فەراهەم بکات .

**جۆرەکانی وەرزش :**

جۆرەکانی وەرزشیش بریتیە لەم سێ جۆرە ( وەرزشی جەستە ، وەرزشی ڕەوشت ، وەرزشی بیر و هۆش ) .

دیارە ڕوون و ئاشکرایە کەدونیای ڕۆژئاوا بەدرێژای مێژوو زۆر و کەم کاریگەری بەهێزیان هەبووە لەگۆڕینی ناوەڕۆکی بابەتەکان وە یەکێك لەو بابەتانەی کەلە ژێر ئەم کاریگەریـەدا ڕزگـاری نـەبووە ( بابـەتی وەرزش ) ە ، کـە لەمانا ڕاستیەکەی خۆی دەرچووە و لەیەك جۆری وەرزشدا کورت هەڵهێنراوە کەئەویش وەرزشی جەستەیە ، وە بووەتە بازاڕی بازرگانان ، خەریکە چێژی خۆی لەدەست ئەدات ، وە پیویـستە بایـەخ بەهـەر سـێ جۆرەکـە بـدرێت و بەپـەراوێز خـستنی یـەکێك لـەم جۆرانـە دەبێتـە مایـەی لاوازبـوونی کەسایەتی مرۆڤ چونکە خودی مرۆڤ لەم سێ بەشەسەرەکیە پێك هاتووە ئەویش (جەستە ، ڕۆح ، بیر و هۆش ) .

**جۆری یەکـەم :** وەرزشی جەستە : بریتیـە لەبەهێزکردنی جەستە لەڕێگەی جووڵەی هەمەجۆر لەڕاکردن وڕۆیشتن و ... هتـد ، وە هـەر گۆمەڵگایـەگیش جۆرێکی تایبـەت بەخۆیـەوە لەوەرزش بەرپا دەکات کە هەریەکەیان لەژێر ناوێکادایە کە ناوەڕۆکەکـەی بریتیـە لـەوەرزش ، ئەگـەر ووردبینـەوە لەجۆرەکانی پەرستش لەئاینی پیرۆزی ئیسلامدا ئەوا بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە هەرجۆرێکیان مانایەك لەماناکانی وەرزش لەخۆ دەگرێت وەکو خۆپاکرتنـەوە ( الطهـارة ) ، نوێژکردن و ئەنجامـدانی حـەج و عـومرە وتێکۆشـان لـەپێناوی خـوادا و فێربوون و فێرکردن ونوسین وخوێندنەوە و ووتار و بازرگانی و کڕین وفرۆشتن و ... هتد .

وە سوودی ئەم جوڵانەوانە لەکەسێکەوە بۆ کەسێکی تر دەگرێت بـەپێی سستی و چالاکی کەسـەکە ، ئەم چالاکیانە هۆکارن بۆ بەهێزکردنی جەستەمان واتە وەرزش لەئیسلامدا هۆکارە بۆ بەدەست هێنانی ئامانجی بالآتر لەژێر ئەم یاسا شەرعیەدا ( أن الوسائل لها أحكام المقاصد ) .

بەڵام سەد مەخابن لەدونیای ئەمڕۆماندا وەرزش بووە بە هـەرە گـەورەترین ئامـانجی سـەرەکی کـە ڕەنگـە لەپێناویـدا قوربانی بدرێت .

**جـــۆری دووەم :** وەرزشـی ڕەوشـت : بریتیـە لـەڕاهێنانی دەروون لەسـەر ڕەوشـتە جوانـەکان لەگـەڵ پـەروەردگار و خەڵکدا ، ئەم جۆرەیان زۆر پڕبایەخ و بەنرخە وە سوودەکانی زۆر و هەمەچەشنن کەناتوانین باسی هەموویان بکەین مرۆڤ ، کاتێـك کەسـایيەتيەکی تـەواوی بـۆ دەسـتەبەر دەبێـت کـەبتوانێت ڕەوشـتی جـوان لەخوێـدا بـچێنێ و بوارەکـانی هـەڵس و کـەوتی خۆی لەگـەڵ خـواو خەڵکدا چاك بکاتـەوە ، ئەوەی پەیوەستە بەپەروەردگاریەوە بریتیە لە پاك کردنەوەی دەروون لەهـەموو تـاوانێکی هاوشێوەی ڕق و کینـەو ... هتـد لەبەرامبەریـشدا ڕاهێنـانێتی لەسـەر کـردەوە جوانـەکانی هاوشـێوەی خۆشەویـستی و دڵـسۆزی و بەرپرسـیارێتی و قایل بوون و ... هتد .

ڕاهێنــان و ڕاهــاتنی دەروون لەســەر ئــەم کردەوانــە گـەورەترین وەرزشـی دەروونـە کەدەرئـەنجام مـرۆڤ دەکاتـە بەندەیـەك کـە هەسـت بەچـاودێری پـەروەردگاری بکـات و هەرگیز جیا نەبێتەوە وببێت بە ڕەمزی دادپەروەری و هەست بەچێژی پەرستن بکات وکەسێکی هێمن وئارام بێت ، لەهەمان کاتدا پێویستە مرۆڤ ڕاهێنان وڕاهاتن بکات لەسەر ئەو ڕەوشـتانەی کـە پەیوەسـتن بەهـەڵس وکـەوت لەگـەڵ خەڵکدا

لەهاوشێوەی نـەرم ونیـانی ولێبـوردن و چاوپۆشی و ڕاسـت کردنـەوەی هەڵـە بـە چـاکە وەکـو پـەروەردگار فەرموویەتی : ﴿ ادْفَعْ بِالَّتِي هِيَ أَحْسَنُ فَإِذَا الَّذِي بَيْنَـكَ وَبَيْنَـهُ عَدَاوَةٌ كَأَنَّهُ وَلِيٌّ حَمِيمٌ وَمَا يُلَقَّاهَا إِلَّا الَّذِينَ صَبَرُوا وَمَا يُلَقَّاهَا إِلَّا ذُو حَظٍّ عَظِيمٍ ﴾ ( فصلت : ٣٣ ــ ٣٤ ) .

**جۆری سێیەم :** وەرزشـی بیرو هـۆش ( زرنگـی ) : بریتیـە لە سەرقاڵبوونی بیرو هۆش بەزانستی بەسوودەوە .

وە ڕاهێنـانی بـیرو هۆشـە بەزانـستە شـەرعیەکانەوە و دوورکەوتنەوەیە لـەکاری بێ نـرخ کـە دەبێتـە مایـەی زیـان چونکە ڕاهێنـانی بـیر و هـۆش لەسـەر بیرکردنـەوەی ڕاست ودروسـت دواجـار هـەڵس و کـەوتی جـوان وبـاش دێنێتـە بەرهەم .

وە هەروەها ڕاهێنانێتی لەسەر بیرکردنـەوە لـە دروست کراوەکانی پەروەردگار لـە دروسـت بـوونی زەوی و ئاسمان وگەردوون ، لەڕێگەی بەدەست هێنانی زانیاری تازەوە لـەم بوارەدا .

وە بە سوودترین وەرزشیش لەم بوارەدا ڕاهێنـانی بیرو هۆشە لەتێرامان وتێگەشتن لەبواری قورئان وفەرموودەدا .

وە بیرکردنـەوە و تێگەشتن لـەم دوو بـوارەدا ( قورئـان و فرمـوودە ) دەرئـەنجام بـیرو هـۆش فـراوان دەکـات و عـەقڵ بەهێز دەکات و زانیاری برەو پێ دەدات .

وە یـەکێکی تـر لـە جۆرەکانی بیرکرنـەوە لـەم وەرزشـەدا بیرکردنەوەیە لە نیعمەتەکانی پـەروەردگار بۆ ئـەوەی زیـاتر گەورەیی ئەومان بۆ دەربکەوێت و سوپاس گوزاربین .

لەکۆتایی دا سەرئەنجام ئەوەمان بۆ ڕوون بووەوە کە وەرزش مانـا ونـاوەڕۆکی زۆر لـەوە گـەورەترە کـە ئـەمڕۆ خـەڵك بـۆی ئـەڕوانن ، وە گەشـە بـە مـرۆڤ دەبەخـشێت بەمـەرجێك لـەو سـێ جـۆرەدا جـێ بـەجێ بکـەین و لـەمانا ڕاست ودروستەکەی خۆی دەری نەپەڕێنین .

م . **پشتیوان محمد** . عربی .

## گوێ لە کێ بگرین ؟؟!

زۆرێك لە خەڵکی موسڵمانی ئەمڕۆ خۆیان دووچاری گرفتێك کردووە ، کە گوایە سەر لەبەر هەموو جیاوازیەکانی ئەم ڕۆژگارە دەرناکەن و نازانن گوێ لە کێ بگرین وبەقسەی کێ بکەین و لەکێ وە دینەکەمان وەرگرین و تێبگەین ؟! خۆ سەرەڕای ئەوەی ئەم پرسیارانە جیی خۆیەتی ، شایانی باسیشە کە بزانین ئەنجامی ئەدا نەکردنی کەمترین ئەرکی سەرشانمان کە تێگەیشتنە لە بنەماکانی دینەکەمان وادەکات واقمان وڕبمێنێ لە ئاست ئەو گرژی وئالۆزیەیی ئەمڕۆ ، سەرەنجام وا دێتە پێش چاومان کە ئێستا نوێنەرانی ئەم ئاینە گەورەیە تەنها دوو جۆر گروپن ئەمیان میانڕە و ئەویترش توندڕەو!!

بەڵام بەداخەوە چونکە هەوڵی تێگەیشتنمان نەداوە لە دینەکەمان ، کەوتووینەتە ئەم هەڵەوە تەنانەت لە تەماشاکردنی واقعیشدا ، جا پێش ئەوەی باسی ئەو دوو جۆرەی لای تۆ بکەم ـ سێ جۆر رێچکە هەیە ـ ، ئەزانم پرسیارت ئەوەیە ـ چۆن ؟!! ـ منیش دەڵێم : بەم شێوەیە :

بنچینە : ئەبێ ئەوە بزانین کە ئیسلام خۆی دینێکی میانڕەوە و میانڕەویش خودی ئیسلامی حەقیقی و ڕاستی پەیرەو کردنی بەرنامەی پەروەردگار و ڕێگەی پێغەمبەری خوایە ﷺ ، خوای گەورە ئەفەرموێ : ﴿ وَكَذَلِكَ جَعَلْنَاكُمْ أُمَّةً وَسَطًا لِّتَكُونُواْ شُهَدَاء عَلَى النَّاسِ وَيَكُونَ الرَّسُولُ عَلَيْكُمْ شَهِيدًا ...﴾ ( البقرة : ١٤٣ ) ، واتە : هەرچۆنێ بۆ ئاینی پیرۆزی ئیسلام ڕێنمایمان کردن ، هەر ئاواش لە تەواوی ئیش و کاردا ، کردوومانن بە ئوممەت و گەلێکی میانڕەو ، تا لەسەر خەڵکی ببنە شایەت ، وە پێغەمبەریش بەسەر گشتانەوە شایەت بێت ، ئاخۆ کێ شوێنی کەوتووە و کێیش سەرپێچی کردووە .

جا ئەمە یەکەم ڕێگەی پەیرەوکردنی ئاینی ئیسلامە بەشایەتی خوای گەورە ، دووەکەی تر بە پێی ئەمە دەپێوین ، چونکە پەروەردگار ئەفەرموێ بۆ ئەوەی ببن بە شایەت بەسەر ئەوانی ترەوە ، چۆن دەبین بە شایەت ؟ بەوەی کە لە هیچ شتێکدا لەسنوری دینەکە دەرنەچین . چۆن دەنەچین ؟ چەند جۆر دەرچوون هەیە ؟ ئارام بە هەموویمان نووسیوە ، یەك ڕێگەی میانڕە و باسکرا ، دووجۆریش دەرچوو لێی هەیە کە ئەمانەن :

یەکەم : دەرچوون بە ( زیادەڕەوی ) : ئەم جۆرە توندڕەوە یان میانڕەو ؟ بەوە نیە کە هەڵگرانی چۆن هەڵسوکەوت دەکەن ، بەڵکو بەوەیە کە چەند شتەکان لە ئاستی خۆی پیشاندەدەن و پەیرەوی دەکەن ، زیادەڕەوی وای لە بەشێکیان کرد کە نەتوانن لەوە تێبگەن ، کە ڕاستە خودا ئەم دینەی بۆ سەر زەوی ناردووە تاکو حوکمی پێ بەڕێوە ببرێت ، بەڵام خۆ خودی قورئان و سوننەت ناتوانن حوکم بەڕێوە ببەن ، بەڵکو ئەبێت خەڵکی پەیرویان بکات ، بۆیە سەرەنجام کەوتنە ئەو زیادەڕەوییەی کە وتیان ئیمامی عەلی و هاوەڵان کافربوون چونکە هەستاون بە حوکم کردنی خەڵکی ، یان کۆمەڵێکی تر ئەوەندە ڕۆچوون لە گەورە کردنی ئال و بەیتی پێغەمبەر ﷺ تاوەکو گەشتە ئەوەی هەندێکیان بە خوای بزانن و هەندێك ڕاگری کەون و هەندێکی تریش شیفای دەردەداران دەدات ئەگەرچی مردبێتیشن . لەملاشەوە کۆمەڵێکی تر ئەولیا و پیاوچاکانیان لێگۆڕاوە بەشێوەیەك کە داوای ڕۆزی و شیفا و مان ونەمان و هات و هاوار و قوربانی و تەنها نەزر بەوان دەکەن .

دووەم : دەرچوون بە ( کەم ڕەوی ) شل ڕەوی : ئەمانەش خۆیان وا دیننە پێش چاو کە میانڕەون بەڵام توندڕەویشن ، هەرچەند وا بێنە پێش چاو ، هەڵدەسن بە کەمکردنەوەی پەیوەست بوون بە ئەنجامدانی فەرمانەکانی ئاینی پەروەردگار ، شل گیرن بەرامبەر ئەداکردنی فەرمانەکانی خوای گەورە و ڕەسولی خوا ﷺ ، بە نێوی ئەوەی کە ئەیانەوێ قورسی نەکەن لەسەر خەڵکی و ئەم دینە لەسەردەمانێکا ئاسایی بووە بەو شێوەیە پەیرەو بکرێت بەڵام ئیستا دوژمنانی دین زۆرن و بە پلاسەوەن بۆ موسوڵمانان و نابێ کارێ بکەین کە خەڵکی تاربنەین لە دین ـ کە تاریشیان دەنێن ـ با نەرم بین وشل بین و تەڕ بین ... ، تا دەگاتە ئەوەی ئەم نەرمی و شلی و تەڕییە ـ خۆش دەبێتەوە ـ چۆن ؟ ، بەوەی ئەوەندە کەم پەیوەستن بە ئەرکەکانیانەوە توشی سفوری کچانە و کوڕانە ، تێکەڵاوی بێ سنور ، تاوان کردن ، بەربڵاوی هەڵسوکەوتی دوو ڕەگەز ، هەروەها ئەوەشی کەوتیان با خەڵکی ڕانەکەن لە دین ـ سەرەنجامی بانگەشەکانیانە ـ ، چونکە وتت قەیدی چیە تێکەڵاوی عەشق دروست دەبێت ، ئەویش پێویستی بە شیعر و گۆرانی هەیە خۆ گۆرانی الله بۆ ئەوە ناشێ ، ناچار گورانی و مۆسیقای ئیسلامیمان پێویستە و دواجاریش سەیری میمۆری مۆبایلەکانیان دەکەیت دەبینی فلان و فیساری فارسی و تورکی و عەرەبی و هندی و کوردیە ! کە نەك هەر بەناو دینیش نین گۆرانیەکانیان وشەی کوفریشی تیدایە ، ئەو دەڵێ ( قسم نحور بجانم )

ئەوی تر ( قەسەم بەتۆ ) ئەویش ( من تورا میپرستم ) ئەویش ( اله الحب )ی هەیە . باوەڕم پێبکەن زۆرینەی ئەوانەی ئەم جۆرە گۆرانیانە گوێ لێ دەگرن پێیان وتووم وتراوە مۆسیقا حەڵاڵە دواتریش دەڵێن ئەی خۆ ئێمە گوێ لە کوفرەکەیان ناگرین !!! هەموو بوارەکانی تریش بەو شێوەیە ، تا ئەم کەم ڕەوییە دەبێتە هــۆی گەنانــدنی کۆمــەڵگا ، ســەرەنجام وای لــێ دێــت کــە مەبەستەکانی شەرع ئەوەندە کاڵ دەبێتەوە تا ڕەنگی نامێنێت .

ئەمانە هەرسێ ڕێرەوی پەیڕەو کردنی ئاینی ئیسلام بوون بە شێوەیەکی گشتی ، ئێستا پێوەرێکی قورئانیمان هەیە و دوویش مرۆڤی ، ئەوانەی بەڵگە و پێوەر و سنوری شەرعی بۆ کارەکانیان دادەنێن ، ئەوانە لە واقیعدا دیارن و هاوار دەکەن . ئەوانی تریش یاری بە ڕاوبۆچوونەکانی خۆیان دەکەن ، تۆ ئێستا بەو کەسانەی کە زیادەڕەوی دەکەن یان بەوانەی کە کەمڕەوی دەکەن دەڵێی توندڕەو ؟ یان میانڕەو ؟!! خۆ ئەزانم نازانی چین !!

ئەوانەی دینی خوا دەکەنە سەرچاوەی بەڵگەی کارەکانیان و ئەوەی دەیکەن لەو دینەدا هەیە ، یان لە قورئان وە یان لە فــەرمووده راســتەکانی پێغەمبــەر ﷺ دا هــاتووە وە بــەو شێوەیەی کە هاوەڵانی بەڕێزی ﷺ تێیگەیشتوون و کرداریان پێکردووە ، ئەمانەن میانڕەو و نەرم و نیان بەشایەتی قورئان ، ئەمانە خوا بە خوا دەزانن و هەموو کردەوەیەك کە تایبەت بێت بە خواوە تەنها بۆ خوای دەکەن وەکو " هاوار کردن ، هانا بردن ، پشت بەستن ، سوپاس کردن ، داوای یارمەتی و شیفا و ڕۆزی و ئیمان و چاکە ... ، هەروەها نەزر و قوربانی و خێر و سەدەقە و زەکات ، و تەنها زیارەتی ماڵی خوا دەکەن . پێغەمبەریش ﷺ تەنها بەندەیەکی خوایە و ناپەرسترێت وە پێغەبەرێکە و گوێڕایەڵی دەکرێ و سەرپێچی فەرمانەکانی ناکرێت ، هیچیش لەو پەرستشانەی خوا بۆ پێغەمبەر ﷺ ناکەن ، هەروەهاش بۆ هاوەڵان و پیاو چاکان و ئەولیاکانی خوا ، هەر کەس لە شوێنی خۆی دادەنێن و ئەو پەڕی ڕێز و قەدریان دەزانن و زیادەڕۆیی و کەمڕەوی تێداناکەن . هەروەها لە کردەوەکانیشیاندا هەر لە نوێژ و ڕۆژ و زەکات و حەج و کار وکاسبی و خوێندن و جل و بەرگ و سەر و ڕیش و هەڵس وکەوت لەگەڵ ڕەگەزی بەرامبەردا ... ئەگەر ئافرەتیش بن بەهەمان جۆر حیجاب و حیشمەت و دەروەشــت و خوێنــدن و شــوکردن و پەیوەنــدی لەگــەڵ دەورووبــەردا ، وە ســەرباری ئەمانــەش پــەیڕەوکردنی ورد و درشتی سوننەتەکانی پێغەمبەری خوا ﷺ بە پێی توانا ، هەر

ئەمەش وای لێکردوون کە نامۆ بێنە پێش چاوی خەڵکی، خۆ نامۆبوونیان لە خراپیاندا نیە ، بەڵکو پەیوەست بوونیان بە ڕاستە ڕێگەی ئیسلامەوە وای لێ کردوون ئەمەش فەرموودەی پێغەمبەری خوا ﷺ شایەتی بۆ داوە ، عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ رضي الله عنه قَالَ : قَـالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ " بَدَأَ الإِسْلاَمُ غَرِيبًا وَسَيَعُودُ كَمَـا بَـدَأَ غَـرِيبًا فَطُوبَى لِلْغُرَبَاءِ " ( مسلم : ٣٨٩ ) . واتە : ئەم ئیسلامە بە نامۆیی سەری هەڵدا وە جارێکی تریش دەگەڕێتەوە سەر ئەو نامۆییە ، سەرفرازی بۆ نامۆیان . خوا لەوانەمان بکات . .

وە ئەمما ئەو دوو ڕێچکەی تر ، یان زیاد دەڕۆن لە ئاستی میانڕەوی ( ئیسلام ) یاخود کەم دەڕۆن لە ئاستی میانڕەوی ( ئیسلام ) ، هەدووکیان شل ڕەون و ئیهمالن لە ئەدا کردنی ئەرکە ئاینیەکانیان و توندڕەویشن چونکە سنوری دین بەزاندن کاری کەسی توندڕەوە .

ئەمەبوو بە شێوەیەکی گشتی و کورت و پوخت باسی میانڕەویمان کرد ، خۆت وەکو کەسێکی خوێندەوار تاوتوێی لایەنەکان بکە .

نەکەی بیرکەیتەوە خۆت دوو دڵ کەیت و شەیتان دڵت بگرێت و بڵێی بەم شێوە ناکرێت و ئەمە سەردەمی ئەوە نیە و ناتوانرێت دین بەو شێوەیە بەرجەستە بکرێت ، چونکە ئەگەر نێرینەی ئەوە بە دوو چاوی خۆت هاوڕەگەزەکانت دەبینیت هەر لەو سەردەمەی تۆدان و پابەندیشن بە دینەکەیانەوە ، نە تێکەڵاوی ئافرەت دەکەن زیاد لە پێویست و نە هۆگرن بە گۆرانی و مۆسیقاوە نە شل گیریشن بۆ دینی خوا .

ئەگەر ئافرەتیشی ئەو باڵاپۆشە بەشەرم و شکۆیانە ، ئەو هەموو خوشکە بەسنورانە لە هەموو هەڵسوکەوتێکدا ، بەڵگەن لەسەر تۆ ، ئیتر بیانوی ئەوەمان نیە بڵێین لەم سەردەمە ناچێتەسەر ، وەهەڵنەسین بە ئەداکردنی ئەرکەکانی سەر شانمان .

هیوام وایە پێم نەوترێت توندڕەو ، خۆ هەموویم خستەڕوو ، جا ئەو وژدانەی مرۆڤ کە زیندو بوو خاوەنەکەی دەکاتە بەختەوەرترین کەس و ئەو ڕۆحەشی دەحەسێنێتەوە ، دڵنیاشت دەکەمەوە تەنها ئەم ڕێبازەی ئەهلی سوننەیە کە دڵ و ڕۆحەکانمان ئارام دەکات و پشوویەك بەو ڕۆحەی تۆش دەدات کە دەیان کیلۆمەتر بە خەیاڵ دوورکەوتوەتەوە لەو جەستە هەمیشە ماندوەت ... دەسا تاکو کەی ناگەڕێیتەوە سەر ئەم ڕێگەیە ؟

بلال جلال .ز.سلێمانی.پ.کەلار. فیزیا

**وێنه‌ی ڕاسته‌قینه‌ی زانكۆ و په‌یمانگاكان شێواندنی**

زانكۆ و په‌یمانگاكان یه‌كێكن له‌و ئاسته‌ به‌رزانه‌ی فێربوون كه‌ خه‌ڵكی خاوه‌ن زانست و مه‌عریفه‌ پێده‌گه‌یه‌نێ ، به‌ڵام زۆر به‌داخه‌وه‌ گه‌ر ئێمه‌ ورد بینه‌وه‌ و له‌ زانكۆ و په‌یمانگاكانی خۆمان بڕوانین له‌ به‌هه‌ڵه‌داچوون و شێواندنی ناوه‌ جوانه‌كه‌ی زیاتر ئێمه‌ هیچ نابینین !!! ئه‌و جۆره‌ شوێنانه‌ كه‌ ئێمه‌ مه‌به‌ستمانه‌ ده‌بێت فێرخواز بگه‌یه‌نێته‌ ئاستێكی به‌رز چ له‌ڕووی زانسته‌وه‌ بێت یان له‌ڕووی ئایینه‌وه‌ بێت ، چونكه‌ زیاتر شان به‌شانی زانسته‌كه‌ له‌ئاینی خۆتیش ئاگادار ده‌بیت به‌ڵام ئه‌فسوز ئێستا وانیه‌ ، ده‌بینرێت زۆرێك له‌ فێرخوازان زیاتر هه‌واو ئاره‌زوویان بۆلای شتی خراپ ده‌چێت هه‌ر له‌گه‌ڵ گه‌یشتنیان به‌و شوێنه‌ یه‌كسه‌ر ئاكار و ڕه‌وشتیان ده‌گۆڕێت چ كوڕ بێت یان كچ خودا په‌نامان بدات ، چونكه‌ تێكه‌ڵییه‌كی ناشیرین و هه‌ڵسووكه‌وتی خراپ ئه‌نجام ده‌ده‌ن ، كوڕان زیاتر كه‌لوپه‌لی ته‌سك و لاسایی كاری كه‌لوپه‌لی خاچ په‌رستان و جووله‌كه‌ن و له‌به‌ر ده‌كه‌ن و خۆیان به‌وان ده‌چوێنن و كچانیش وازیان له‌ بالاپۆش هێناوه‌ ـ جگه‌ له‌وانه‌ی كه‌ خوای په‌روه‌ردگار پاراستوونی ـ و هه‌ربه‌ناوی عه‌ولمه‌ه و جیهان گیرییه‌وه‌ زیاتر خۆیان به‌و ڕه‌فتاره‌ ناشیرینانه‌وه‌ ڕاهێناوه‌ به‌ڕاستی فێرخوازان زۆر حه‌زیان به‌تێكه‌ڵاوییه‌و ئه‌وه‌نده‌ له‌گه‌ڵ ڕه‌گه‌زی به‌رامبه‌ردا هاوڕێ و دۆستن ئه‌وه‌نده‌ نایان بینی كه‌ له‌گه‌ڵ هاوڕه‌گه‌زی خۆیاندا بن .

بائێمه‌ بڕوانینه‌ پێشینی خۆمان كه‌ چه‌ن شه‌رمێكی زۆریان هه‌بووه‌ ، ئه‌وه‌تا له‌فه‌رمووده‌دا هاتووه‌ كه‌ : (( أن رسول الله ﷺ مر علی رجل من الأنصار ، وهو يعظ أخاه في الحياء ، فقال رسول الله ﷺ : ( دعه فإن الحياء من الإيمان )) ( البخاري ) ، واته‌ : پێغه‌مبه‌ری خوا ﷺ به‌لای پیاوێكی ئه‌نصاری دا تێپه‌ڕی كه‌ ئامۆژگاری برایه‌كی ده‌كرد له‌شه‌رمدا ، وه‌ پێغه‌مبه‌ری خواش ﷺ پێی فه‌رموو : وازی لێ بهێنه‌ چونكه‌ شه‌رم له‌ ئیمانه‌وه‌یه‌ .

بۆیه‌ برا و خوشكانی فێرخواز له‌به‌ر خوا خۆشتانم ده‌وێ و پێتان ده‌ڵێم هیچ نه‌بی تۆزێك له‌دینه‌كه‌تان شاره‌زابن ده‌نا سوێند به‌خوا ته‌مه‌نتان ده‌ڕوا و كاتێك بیرده‌كه‌نه‌وه‌ هیچ نه‌ماوه‌ له‌ژیانتان بۆ ئه‌وه‌ی كرده‌وه‌ی چاكه‌ ئه‌نجام بده‌ن ، وه‌ له‌باره‌ی شه‌رم و شكۆوه‌ پێغه‌مبه‌ری خوا ﷺ ده‌فه‌رموێت : (( الحياء خير كله )) ( رواه المسلم ) ، واته‌ : شه‌رم و شكۆ هه‌مووی چاكه‌یه‌ .

وه‌ له‌ فه‌رمووده‌یه‌كی تردا هه‌ر ئیمامی موسلیم ریوایه‌تی كردووه‌ پێغه‌مبه‌ر ﷺ ده‌فه‌رموێت : (( الحياء لا يأتي إلا بخير )) ، واته‌ : شه‌رم و شكۆ له‌ خه‌یر و چاكه‌ زیاتر هیچ شتێكی كه‌ نیه‌ .

بۆیه‌ چه‌نده‌ به‌شه‌رم و شكۆ بین هێشتا كه‌مه‌ و تاكو زیاتر بێت ئه‌وا هه‌ر پله‌مان له‌دونیاو قیامه‌تدا زیاتر و به‌رزتر ده‌بێت . إن شاء الله . .

وه‌ له‌ فه‌رمووده‌یه‌كی تردا پێغه‌مبه‌ر ﷺ ده‌فه‌رموێت (( ... إذا لم تستح فاصنع ما شئت )) ( البخاري ) ، واته‌ : ئه‌گه‌ر شه‌رمت نه‌كرد ئه‌وا هه‌رچیت ده‌وێ بیكه‌ .

شیكردنه‌وه‌ی ئه‌م فه‌رمووده‌یه‌ش ئه‌وه‌یه‌ كه‌ هه‌ركه‌سێك شه‌رمی نه‌بوو ئه‌وا هه‌رتاوان و گوناهێك بێت ئه‌م ده‌یكات و هیچ شه‌رم ناكات ، بۆیه‌ له‌ كۆتاییدا به‌كورتی ئه‌وه‌ ده‌ڵێم كاتێك خوشكان و برایان پێكه‌وه‌ ده‌چنه‌ سه‌یران و پێكه‌وه‌ له‌ كافتریا و له‌سه‌یرانی زانستی و سه‌یرانی به‌كۆمه‌ڵ و له‌ناو پاسه‌كاندا و له‌ هه‌ر شوێنێكی دیكه‌ش كه‌ هه‌ن پێكه‌وه‌ن ئه‌وا بۆ ساتێك بیر له‌وه‌ بكه‌نه‌وه‌ كه‌ تاوان هه‌ر گه‌وره‌یه‌ و تا به‌بچووك تێی بڕوانرێت وه‌ پێشتر خۆم و دواتر ئێوه‌ش ئاگادار ده‌كه‌مه‌وه‌ كه‌چه‌ند ساڵێكی كه‌م له‌ كۆلێژ و په‌یمانگاكانداین با زیاتر حه‌یا و شه‌رممان هه‌بێت باهیچ نه‌بێت بۆ به‌رز ڕاگرتنی شكۆمه‌ندی و ئابڕووی خۆمان بێت . إن شاء الله . .

وه‌ ئیمامی عه‌لی رضي الله عنه ده‌فه‌رمووێت : (( دڵی نه‌زان به‌ته‌ماع داپۆشراوه‌ ، وه‌ بووه‌ته‌ بارمته‌ی ئاره‌زووه‌كان ، هۆگری هۆیه‌كانی هه‌ڵخه‌ڵه‌تاندنه‌ )) .

**هیوا زیره‌ك.ك.پ.كه‌لار.كوردی**

## دیاردەکانی دەستگرتن بە قورئانی پیرۆزەوە

( بەشی سێیەم )

چوارەم : پاراستن و لەبەر کردنی : مەبەستیش لەمە : لەبەرکردنیەتی لە سنگی موسلمانان وپاراستنیەتی بە نووسینەوە لە کتێبێکدا لە زیادکردن لەسەری و کەم کردن لێی ، یان پشت گوێ خستنی . بێ گومان لەبەرکردنی قورئان لە چاکترین و بەپێزترین و گەورەترین کردەوەکانە ، و دیاردەیەکی گەورەشە لە دیاردەکانی دەستگرتن بە قورئانی پیرۆز ، و بەڵگەشە لەسەر بایەخدان وگرنگی دان بە قورئان . وە لەبەر کردنی قورئان پیویستی بە (إخلاص) وساغ کردنەوەی نیەتە لە موسڵمان ، و داوای یارمەتی کردن لە خوای گەورە ، لەگەڵ ئەوەشدا دەبێت دڵ بەتاڵ بکاتەوە لە هەموو شتێك کە سەرقاڵی بکات ، و گرتنەبەری هەموو ئەو هۆکارانەی کە یارمەتی دەرن بۆ لەبەر کردنی .

وە بێ گومان خوای گەورە خۆی کەفیلی پاراستنی قورئانە ، چونکە خوای گەورە دەفەرمووێت : ﴿ إِنَّا نَحْنُ نَزَّلْنَا الذِّكْرَ وَإِنَّا لَهُ لَحَافِظُونَ ﴾ ( الحجر : ٩ ) . ئیمامی البغوی لە ڕاڤەی ئەم ئایەتە دەفەرمووێت : ﴿ إِنَّا نَحْنُ نَزَّلْنَا الذِّكْرَ ﴾ واتە : بەڕاستی ئێمە قورئانمان بۆ دابەزاندووە ، ﴿ وَإِنَّا لَهُ لَحَافِظُونَ ﴾ واتە : وە بەڕاستی خۆمان دەیپارێزین لە شەیتانەکان کە هیچ زیاد و کەمێکی تیادا بکەن یان بیگۆڕن .

وە ئەم پاراستنەی خوا تایبەتە بە قورئان لە نێو هەموو کتێبە ئاسمانیەکانی تر ، چونکە پاراستنی کتێبەکانی تر سپێردرا بە زانایانی خاچ پەرست وجولەکە ، خوای گەورە دەفەرمووێت : ﴿ ... وَالرَّبَّانِيُّونَ وَالأَحْبَارُ بِمَا اسْتُحْفِظُواْ مِن كِتَابِ اللّهِ وَكَانُواْ عَلَيْهِ شُهَدَاء ... ﴾ ( المائدة : ٤٤ ) . بۆیە ئەو کتێبانە گۆڕانکاری وزیادوکەم ودەستکاری کراوە بە ڕادەیەك کە چەندین کوفر وشیرك و گومڕاییان بۆ زیادکراوە .

بێ گومان باشترین هۆکار بۆ لەبەرکردن وپاراستنی قورئان بڵاوکردنەوە وبرەودانەبە خولەکانی لەبەرکردنی قورئانی پیرۆزە لە مزگەوتەکان وپەروەردە کردنی منداڵان لەسەر لەبەرکردنی و گەورە بوونیان لەسەر قورئان لە منداڵیەوە ، هەروەها کردنەوەی چەندین قوتابخانە و کۆلێژ و پەیمانگا لە جیهاندا کە تایبەتە بێت بە قورئان و زانستەکانی ، وکردنەوەی چەندین چاپخانەی تایبەت بە چاپکردن و بڵاوکردنەوەی قورئانی پیرۆز بە جوانترین شێوە وتازەترین ئامێری سەردەم .

پێنجەم : ڕێزگرتن وبەرز ڕاگرتنی وکزۆڵی نواندن وگوێ گرتن لێی لە کاتی بیستنی ئایەتەکانیدا : بەڕاستی لە دیاردەکانی دەستگرتن بە قورئان ڕێزگرتن و بەرز ڕاگرتن و بەسووك دانەنانیەتی بەهەر حاڵێك ، وگوێ گرتن لە ئایەتەکانی کاتێك دەخوێنرێتەوە و کۆکردنەوەی دڵ و بیر و هۆش بە تێفکران وتێڕامان لە ماناکانی . خوای گەورە دەفەرمووێت : ﴿ وَإِذَا قُرِئَ الْقُرْآنُ فَاسْتَمِعُواْ لَهُ وَأَنصِتُواْ لَعَلَّكُمْ تُرْحَمُونَ ﴾ ( الأعراف : ٢٠٤ ) ، ( ابن کثیر ) لە ڕاڤەی ئەم ئایەتەدا دەفەرمووێت : کاتێك خوای گەورە باسی ئەوەی کرد کە قورئان ڕێنموویی کار وهیدایەت و ڕەحمەتە بۆ خەڵکی ، بۆ گەورە زانین وڕێزگرتن لێی فەرمان دەکات بە گوێ گرتن لە کاتی خوێندنەوەی ئایەتەکانی . وە شێخ ( عبدالرحمن السعدي ) دەفەرمووێت : ئەمە فەرمانێکی گشتی یە بۆ هەموو کەسێك کە گوێ بیستی قورئان دەبێت ، فەرمانی پێ کراوە بە ( الإنصات ) ، وە جیاوازی نێوان ( الإستماع ) و ( الإنصات ) ئەوەیە : ( الإنصات ) : لە ڕووکەشدایە بە وازهێنان لە قسەکردن وسەرقاڵ بوون بەهەرشتێك کە لە قورئان سەرقاڵت بکات ، بەلاَم ( الإستماع ) ئەوەیە کە گوێ بگرێت و دڵی ئامادەبێت لەوکاتەدا وتێ بفکرێت لەوەی دەیبیسێت ، وە هەرکەسێك ئەم دوو بگرێت کاتێك قورئان دەخوێنرێت ، ئەوا خێرێکی زۆر وزانستێکی زۆری دەست دەکەوێت ، وباوەڕی بەردەوام لە نوێ بوونەوەدایەو هیدایەتێکی زیاتری دەستدەکەوێت .

م . دارا جبار . عربي

## ( مێژوو ) و شێواندنی ڕووی گەشی ئیسلام

### ( بەشی چوارەم )

### لە كاتی خوێندنەوەی كتێبە مێژوویەكاندا ووریای چی بین ؟

كاتێك كتێبە مێژووییەكان دەخوێنینەوە دەبێت ووریـــای ئـــەوە بین ئێمـەش لەگـەڵ بۆچوونی نووسـەردا لار نەبینـەوە ، چونكە ئەبێت تەماشای بنچینەی ڕیوایەتەكە بكـــەین نـــەك بـــۆچوونی نووســـەرەكە ، دەبێــت بــە ویــژدان و ئینـسافەوە بخوێنینەوە و هەوا و حەز و ئارەزو كارمان تێ نەكات .

### مێژووی تەبەری و هەڵوێستەیەك

" مێژووەكـەی ئیمـامی تەبـەری " بـە گرنگتـرین كتـێبی مێـژووی ئیسلامی دادەنرێت ، هـەم ئـەهلی هـەق و هـەم ئـەهلی باتڵ ڕیوایەتەكانی دەگێڕنەوە و بە بەڵگەی دەهێننەوە ، باشە تۆ بڵێــی هــۆی چــی بــێ مێژووەكــەی دەخرێتــە پــێش هــەموو مێژووەكانی ترەوە ؟!

" مێژووی تەبەری "یش پێش دەخرێت لەبەر زۆر شت لەوانە :

١.نزیكی سەردەمی ئیمامی تەبەری لەو ڕواداوانە .

٢.ئیمامی تەبەری بە سەنەد ڕیوایەتەكان دەگێڕێتەوە .

٣.گەورەیی ئیمامی تەبەری و پایە زانستیەكەی .

٤.زۆربەی كتێبە مێژوویەكانی تر لەویانەوە وەرگرتووە.

كەواتە ، هـەر كە ویـستمان بخوێنینـەوە ئـەوا با ڕاستـەخۆ بڕۆین بۆ لای ئیمـامی تەبـەری : بـەڵام هـەر وەك وتم ، هـەردوولا شتی لێ وەردەگرن ؟!

ئـەوەی ئیمـامی تەبـەری : لـە باقی مێژوونووسـانی تـر جیا دەكاتەوە ئەوەیە . وەكو باسم كرد . قسە ناكات مەگەر بەسـەنەد نـەبێت ، جـا ئـەهلی هـەق و سـوننەت سـەنەدە صـەحیحەكانی تەبەری وەردەگرن ، بـەڵام ئەهلی باتڵ و بیدەع **صحیح** و **ضعیف** وەردەگـرن ، گـرنگ ئەوەیـە لەگـەڵ هـەواو ئـارەزووی ئەوانـدا بگونجێ . كە ئاوەهابوو پێویستە شێواز و ڕێباز ( مەنهەج ) ی ئیمامی تەبەری لە نوسینەوەی مێژووەكەیدا بزانین .

### مەنهەجی ئیمامی تەبەری : لە نوسینەوەی مێژووەكەیدا

بەڕاستی ئیمامی تەبەری : بێخەم و ئاسودەمان دەكات لـەم مەســەلەیەدا ، بــەو پێـشەكیەی كــە لــە ســەرەتای كتێبەكەیــدا نووسیویەتی ، خۆزگە ئەوانـەی ئـەو مێـژووە دەخوێننـەوە ئـەو پێشەكیەش بخوێننەوە (١) .

ئیمامی تەبەری : لە پێشەكی مێژووەكەیدا دەڵێت : " با ئەو كەسـەی ئـەم كتێبـەمان دەخوێنێتـەوە بزانێت ، لـە هـەموو ئەوانەی لێرەدا باسم كردوون و بە مەرجم گرتوون بینوسمـەوە ، تـەنها پـشتم بەسـتووە بـەو هەواڵانـەی كـە ڕیوایـەتكراون ، لەگەڵ ئەو فەرمودانەی كە پاڵم داون بە خاوەنەكانیانەوە ، جا هەر هەواڵێكی تێدا بێت لەوانەی پێش خۆمانەوە ڕیوایەتمان كـردووە ، كـە ئەبێتـە جێـی نـاڕەزایی خوێنـەری و بێـزاری بیسەری ، لەبەر ئەوەیە ئەو ڕیوایەتانە نە صەحیحن و نە هیچ واتایەكیشیان لـە هەقیقـەت و واقیعدا هەیە ، جا با بزانرێت ئـەوە لەلایـەن ئێمـەوە نـەبووە ، بـەڵكو لەلایـەن هەنـدێك لـە هەواڵخوانەكانـەوە هـاتووە ، كـاری ئێمـە تـەنها گواسـتنەوەی ئەوانە بووە بـەو شێوەی بۆمـان گوازراوەتـەوە و بە دەسـتمان گەیشتووە. ( مقدمة تاریخ الطبري ص٥ ) .

وا ئـەزانم ئیمـامی تەبـەری : بـەم پێـشەكیەی كتێبەكـەی بەرپرسیارێتی دەخاتە ئەستۆی تۆی خوێنەر .

ئەوەتا پێت ئەڵێ : ئەگەر لەم كتێبەمدا هـەواڵێكت بینی و پێـی نـاڕازی بوویـت و بـە ناماقوڵـت زانـی ، ئـەوە تەماشـای ئەوانە بكە وا لێیانەوە ڕیوایەتمان كردووە ، بەرپرسیارێتی لە ئەســتۆی ئــەوە ، لەســـەرمە نــاوی ئەوانــە بهێــنم بۆیــان گێڕاومەتـەوە ، ئەگـەر جێـی متمانـە بوون قبوڵی كە وە گـەرنا قبوڵی مەكە .

زۆربەی فەرمووده ناسەكان هـەمان ئـەم كارەیـان كردووە ، هـەر بۆیـە كـە دەگەڕێیتـەوە بـۆ كتێبـەكانی فـەرموودە بێجگـە لەهەردوو ( صـەحیحی بوخاری و موسلیم ) كە پەیمانیان داوە جگە لە صحیح ڕیوایەت ناكەن .

بۆ نموونە بگەڕێیتـەوە بۆ : " جامع الترمذي " ، یان " سنن أبي داوود " ، یـان " الـدارقطني " ، یـان " الـدارمي " ، یـان " مسند أحمد " و .. كتێبەكانی تریش ، دەبینیت تەنها سەنەدەكە بـاس دەكـەن و بـە مـەرجیان نـەگرتووە تـەنها صـەحیحەكان دەربهێنن ، تەنها باسی سەنەدەكەیان كردووە، بۆیە پێویـستە بڕۆیـت تەماشـای سـەنەدەكە بكـەی ، گـەر سـەندەكە صـەحیح بوو قبوڵی كە و بیكێڕەوە و گەرنا نەخێر .

لێـرەدا تەبـەری پـەیمانی نـەداوە تـەنها هەواڵـە ڕاسـتەكان بگێڕێتـەوە ، تـەنها پـەیمانی ئـەوەی داوە نـاوی ئـەو كەسـانە بهێنێت كە هەواڵەكانیان لێوە دەگێڕێتەوە .

وە ئیبن حەجەریش : باسی ئەم مەنهەجە دەكات ، كاتێك ئاماژە بە ڕێباز و مەنهەجی زۆربەی كۆنەكان دەكات و ئەڵێ :

---

(١) بەڵكو پێویستە هەموو كەسێك كە كتێبێك دەخوێنێتەوە پێشتر پێشەكی كتێبەكە بخوێنێتەوە ، بۆ ئەوەی ئاگاداری ئەو ڕێباز و شێوازە بێت كە نووسەر گرتویەتیە بەر.

" زۆربه‌ی فه‌رموده‌نه‌سه‌کانی سه‌رده‌می کۆن ، له‌ ساڵه‌کانی دوو سه‌د به‌ره‌و سه‌ره‌وه‌ ، که‌ به‌ سه‌نه‌ده‌وه‌ باسی فه‌رموده‌یه‌کیان کردووه‌ ، وایان زانیوه‌ ئیتر ئه‌رکی سه‌رشانی خۆیان به‌جێ هێناوه‌ و به‌رپرسیارێتیان له‌سه‌ر نه‌ماوه‌ " . ( لسان الميـزان : ٤ / ١٢٨ ) ترجمة الطبراني صاحب المعاجم الثلاثة ) .

که‌واته‌ هیچ به‌رپرسیاریه‌تیه‌ك له‌ ئه‌ستۆی ئیمامی ته‌به‌ریدا : نه‌ماوه‌ .

جا ئیمامی ته‌به‌ری زۆر جار له‌ پیاوێکه‌وه‌ ڕیوایه‌ت ده‌کات که‌ ناوی **لوطي** کوڕی یه‌حیایه‌ و کونیه‌که‌ی " ئه‌بو میخنه‌فه‌ " .

ئه‌م ئه‌بو میخنه‌فه‌ ، ته‌به‌ری : " پێنج سه‌د و هه‌شتا وحه‌وت " ڕیوایه‌تی لێ ده‌گێڕێته‌وه‌ .

ئه‌م ڕیوایه‌تانه‌ش له‌ وه‌فاتکردنی په‌یامبه‌ری خواوه‌ ﷺ ده‌ست پێده‌کات هه‌تا خیلافه‌تی یه‌زید ، ئه‌مه‌ش ئه‌و ماوه‌یه‌یه‌ که‌ ڕووبه‌ڕوی زۆرترین تانه‌ بووه‌ته‌وه‌ ، که‌واته‌ ده‌مێکی ئێجگار هه‌ستیاره‌ ، جا له‌ گرنگترینی ئه‌و باسانه‌ی که‌ ئه‌بی میخنه‌ف تێیدا ڕیوایه‌ت ده‌کات :

١. سه‌قیفه‌ی به‌نی ساعیده‌ . ٢. چیرۆکی شورا . ٣. هه‌مو ئه‌و شتانه‌ی که‌ خه‌وارج به‌هۆیه‌وه‌ هه‌ستان و کردیانه‌ سه‌ر عوسمان . ٤. ئینجا کوشتنی . ٥. خیلافه‌تی عه‌لی . ٦. جه‌نگی جه‌مه‌ل . ٧. جه‌نگی صفین . ٨. مه‌سه‌له‌ی ته‌حکیم . ٩. جه‌نگی نه‌هره‌وان . ١٠. خیلافه‌تی موعاویه‌ . ١١. کوشتنی حوسێن .

له‌ هه‌ر یه‌کێکی ئه‌م ڕوداوانه‌دا ڕیوایه‌تێکی ئه‌بی میخنه‌ف هه‌یه‌ ، هه‌ر ئه‌م ڕیوایه‌تانه‌شن که‌ ئه‌هلی بیده‌ع وناحه‌ز و ڕۆژهه‌ڵات ناسان پشتی پێ ده‌به‌ستن و بایه‌خی پێده‌ده‌ن .

ئه‌م ئه‌بو میخنه‌فه‌ ، ئیبن موعین له‌ باره‌یه‌وه‌ ده‌ڵێ : " لـيس بشيء " هیچ نییه‌ ، و ئه‌بو حاتیم ده‌ڵێ : " متـروك الحـديث " فه‌رمووده‌کانی واز لێ هێنراوه‌ .

جارێکی تر هه‌ر له‌باره‌ی ئه‌مه‌وه‌ پرسیاری لێکرا ، ئه‌وه‌بوو ده‌ستی ڕاته‌کان و وتی : " بۆ که‌س هه‌یه‌ پرسیار له‌ باره‌ی ئه‌وه‌وه‌ بکا ( پێویست به‌ پرسیارکردن ناکات ) .

" داره‌قوتنی" ده‌ڵێ : " ضعيفـــة ".

ئیبن حیببان ده‌ڵێ : " يـروي الموضـوعات عـن الثقـات " فه‌رموده‌ هه‌ڵبه‌ستراوه‌کان له‌ خه‌ڵکانی سیقه‌وه‌ ده‌گێڕێته‌وه‌ "

زه‌هه‌بیش ده‌ڵێ : " اخباري تالف لا يوثق به ".

بۆیه‌ ئه‌گه‌ر " مێژووی ته‌به‌ری "ت کرده‌وه‌ و ڕیوایه‌تێکت بینی تانه‌ و ته‌شه‌ری ده‌دا له‌ هاوه‌ڵانی په‌یامبه‌ر ﷺ و بینیت له‌ ئه‌بو میخنه‌فه‌وه‌ ڕیوایه‌تی کردووه‌ " ئه‌وا پێویسته‌ وه‌لای نێی !

له‌به‌رچی ؟ له‌به‌ر ئه‌وه‌ی ڕیوایه‌تی ئه‌بو میخنه‌فه‌ !

هه‌روه‌ها ئه‌م ئه‌بو میخنه‌فه‌ ، بیدعه‌ و درۆکردن و زۆری ڕیوایه‌تکردنی له‌ خۆیدا کۆکردۆته‌وه‌ .

موبته‌دیعێکی زۆر درۆزنی زۆر ڕیوایه‌تکه‌ره‌ !!

ئه‌بو میخنه‌فیش خۆی به‌ته‌نها نیه‌ ، به‌ڵکو ئه‌م ناودارترینیانه‌ ، وه‌گه‌رنا هی تریش هه‌ن ئه‌مسالی : "واقيدي" که‌ وازلێهێنراوه‌ " متروك "ـه‌ و تۆمه‌تی درۆشی به‌ پاڵ دراوه‌ ، ڕاسته‌ مێژوو ناسێکی گه‌وره‌ و حافظــه‌ و زانایه‌ له‌بواری مێژوودا ، به‌ڵام جێی متمانه‌ نیه‌ .

سێیه‌م : " سه‌یفی کوڕی عومه‌ری ته‌میمی " یه‌ ، به‌هه‌مان شێوه‌ ئه‌میش مێژووناسێکی ناسراوه‌ ، به‌ڵام وازلێهێنراو ( متروك ) ه‌ و تۆمه‌تباره‌ .

" ئه‌لکه‌لبی " یش به‌ هه‌مان شێوه‌ ، درۆزنێکی به‌ناوبانگه‌ ، بۆیه‌ پێویسته‌ مرۆڤ هه‌میشه‌ به‌دوای ڕیوایه‌تی ئه‌مانه‌ وهاوشێوه‌کانیاندا نه‌گه‌ڕێ وته‌ئکیدیان لێبکاته‌وه‌ .

**م . علی محمد علی . کۆمه‌ڵایه‌تی**

## تایبه‌تمه‌ندیه‌ سه‌ره‌کیه‌کانی ئیسلام

**١ ـ ئیسلام دینی خوا به‌ته‌نها په‌رستنه‌ :** ئیمان به‌بونی یه‌ك دروست کار بۆ جیهان ڕاستیه‌که‌ هه‌موو بیر مه‌نده‌ ژیره‌کان قه‌ناعه‌تیان پێیه‌تی .

ئائه‌و دروست کاره‌شه‌ که‌ ته‌نها شایسته‌ی په‌رستنه‌ ، له‌و په‌رستنانه‌ش : سه‌ربڕین و له‌ خۆگرتن ( النـذر ) ، وه‌ به‌تایبه‌تیش پاڕانه‌وه‌ ، له‌به‌ر فه‌رموده‌ی پێغه‌مبه‌ر ﷺ که‌ ده‌فه‌رموێ : " پاڕانــه‌وه‌ بـریتی یـه‌ لـه‌ عیبـاده‌ت " ( رواه الترمذي حسن صحيح ) ، بۆیه‌ دروست نیه‌ شتێك له‌وشتانه‌ بۆ غه‌یری خوا ئه‌نجام بدرێن .

**٢ ـ ئیسلام کۆده‌کاته‌وه‌ و په‌رت ناکات :** وئیمانی هه‌یه‌ به‌هه‌موو نێردراوه‌کان ئه‌وانه‌ی که‌ خوا ناردونی بۆ ڕێنومایی مرۆڤایه‌تی . وڕێکخستنی ژیانیان . و پێغه‌مبه‌ر محمــد ﷺ کۆتــا و دواییـــی په‌یامبه‌رانـــه‌ ﷺ و شه‌ریعه‌ته‌که‌شی هه‌موو شه‌ریعه‌ته‌کانی پێش خۆی ڕه‌ش کردنه‌وه‌ به‌ئه‌مری خوای تبارك وتعالى ، خوا ناردونی بۆ خه‌ڵکی به‌گشتی تا ڕزگاریان بکا له‌زوڵمی وسته‌می دینه‌ گۆڕاوه‌کان بۆ دادگه‌ری ئیسلامی پارێزراو .

٣ . بەڕاستی تەعلیماتەکانی ئیسلام ئاسان و ڕون و مەفهومن ، ئیسلام دان ناهێنێ بەخوڕافات و بیروباوەڕە خراپەکان و فەلسەفە ئاڵۆزەکان ، بەڵکو گونجاوە بۆ جێبەجێکردن لەهەموو کات و شوێنێکدا .

٤ . ئیسلام جیاوازی ناخاتە نێوان مادده و ڕوحەوە جیاوازیەکی تەواو ، بەڵکو تەماشایی ژیان دەکات کە یەکێکەو هەردوکیان لەخۆ دەگرێت . یەکێکیان وەرناگرێت و ئەوی تریان ڕەت و ئیهمال کات .

٥ . ئیسلام جەختی لەسەر گیانی یەکسانی و برایەتی کردۆتەوە لەنێوان مسوڵمانانددا ، بەڵکو قەدەغەی جیاوازی ناوچەیی و دەمار گیری دەکات، خوا دەفەرموێ : ﴿ إِنَّ أَكْرَمَكُمْ عِندَ اللَّهِ أَتْقَاكُمْ ﴾ ( الحجرات : ١٣ ) .

٦ . لەئیسلامدا دەسەڵاتی کەهەنوتی نی یە قۆرخی دین بکات ( احتکار ) و بریتیش نیە لەکۆمەڵێك بیرو بۆچون کە بەڕاست دانانیان قورس بێ ، هەموو مرۆڤێك دەتوانێت کیتابی خوای تەعالا و فەرموودەی پێغەمبەر ﷺ بخوێنێتەوە بەگوێرەی تێگەیشتنی پێشینە چاکەکان ( السلف الصالح ) پاشان ژیانی خۆی دابڕێژێ بەپێی قورئان و سوننەت .

**جهاد قادر. قەڵادزێ .عەرەبی**

## دڵتەنگ مەبە

دڵتەنگ مەبە : خۆت مەدە دەست دڵتەنگیەوە ، لە ڕێگای چۆڵی و بێ ئیشیەوە ، ویرد بکە ، بێگەردی بۆ خودا بکە ، بخوێنەوە ، کار بکە ، سەردانی خزمەکانت بکە ، بیر لە شتی بەسوود بکەرەوە .

دڵتەنگ مەبە ، چونکە دڵ تەنگی سستت دەکات لە پەرستنی خودا،دوات دەخات لە هەوڵ و تێکۆشان ، بێ هیواییت بۆ دەهێڵێیتەوە ، فڕێت دەداتە ناو شاڵاوی ڕەشبین و بەدبینی یەوە .

دڵتەنگ مەبە : چونکە ئەوە ناگونجێ لە گەڵ کەسێکدا کە هەڵگر و خاوەنی قورئان و یادی خوا و پاڕانەوە و نوێژ و ڕۆژو و خێرکردن بێت .

دڵتەنگ مەبە ، چونکە ئەوەی خوای گەورە فەرمانی پێدابێت لێبووەتەوە و دەبێت ڕووبدات ، پێنووسەکان بەرزکراونەتەوە و تیانووسەکانیش وشك بوونەتەوە و هەموو کارەکان جێگیر بوون ، کەواتە پەژارەی تۆ نە ڕووداوەکان پێش دەخات و نە دوایشیان دەخات .

دڵتەنگ مەبە ، چونکە بە ڕاستی نە چارەسەری پزیشکەکان و نە دەرمانی دەرمانخانەکان سوودیان بۆت نابێت و بەختەوەرت ناکەن ، ئەگەر تۆ خەمت لە دڵی خۆتدا چەسپاندبێت ، چاوت کردبێ بە ڕایەخ بۆی ، ئەندامەکانی جەستەت خستبێتە خزمەت پەژارەکان و پێستی خۆت کردبێت بە بالیف بۆی .

ئەگەر دڵتەنگ بوویت ، زیکر بکە و قورئان بخوێنە چونکە بەڕاستی تەنها بە زیکری خوا دلەکان ئارام دەگرن و ئاسوودە دەبن ، چونکە مرۆڤ لە ڕۆح و جەستە پێکهاتووە ، خۆراکی جەستە بریتی یە لە خواردن و خواردنەوە ، بەڵام خۆراکی ڕۆح بریتی یە لە زیکر و عیبادەت .

وتراویشە : هەرکەس هیوای باش بە خودا بەرێ
دەیچێنێ شیرینی لە درکی دارێ

**إدريس محمود . ز . سلێمنی . ك .ياسا**

## قۆپی کردنی تاقیکردنەوەکان لە ڕوانگەی شەرعەوە

وەك هەموو ئەزانین لە ڕاستی دا تاقیکردنەوەکان بۆ هەڵسەنگاندنی توانای فێرخوازانە لەو بابەتانەی وەری گرتوە بۆیە ئەو وەڵامەی لەسەر پارچە کاغەزی تاقیکردنەوە ئەینوسی شاهیدە لەسەر توانای فێرخواز لەو بابەتە ، جا ئەگەر بەتوانای خۆت وەڵامت دایەوە بە گوێرەی ئەو زانیاریانەی لەمێشکتدایە ئەوا هیچ گرفتێك نیە ، بەڵام ئەگەر وەڵامەکانت لە هاوڕێکانت وەرگرت یان بە قۆپیەی سەر پارچە کاغەزو کردنەوەی کتێب وەڵامەکانت نوسیەوە ، ئەوا تۆ ئەنجامدەری چەن تاوانێکیت کە شیرینەکەیان لەوی تر تاڵترە و باشەکەشیان لەوانی تر خراپترە :

١ ـ دەبیتە هاوشێوە لەگەڵ هاوەڵ بڕیاردەران لە کردەوەتدا : چونکە بەدرۆ شاهدی ئەدەی کە ئەو وەڵامانە جهدی مێشکی خۆتە ، کە لە ڕاستیدا وانیە ، خوای پەروەردگاریش ئەفەرموێ ﴿ وَالَّذِينَ لَا يَشْهَدُونَ الزُّورَ وَإِذَا مَرُّوا بِاللَّغْوِ مَرُّوا كِرَاماً ﴾ ( الفرقان : ٧٢ ) . واتە : وە ئەوانەی ئامادەی شایەتی دانی درۆ نابن ، شایەتیەك نادەن ماف خەڵکی تیا پێشێل بکرێ ، تۆیش هەم شایەتی درۆ ئەدەیت و وەڵامەکان بەهی خۆت ئەزانی کە لە ڕاستیدا وانیە وە هەم مافی ئەوانە پێشێل ئەکەی کە جوهدەکەی ئەوان بە هی خۆت

ئەزانی و ڕەنگە بەبێ ماندوو بون نمرەی لەوان بەرزتر بهێنی ، پێغەمبەری خوایش ﷺ فەرمویەتی : (( شایەتی ناحەق و درۆ هاوشانە لەگەڵ هاوەڵ بریار دان )) هاوەڵ بڕیاردانیش لە تاوانە گەورەکانە کە هەرگیز خوا لێی خۆش نابێت .

٢ . درۆ ئەکەیت : چونکە ئەوەی لەناو دەفتەری تاقیکردنەوەکەت کۆتکردۆتەوە جوهدی خەزنی مێشکت نیە بەڵکو بە شێوەیەکی ناشەرعی کۆت کردۆتەوە و بە شێوەیەك خۆت نیشان ئەدەی کە جهدی خۆتە . ئەمەش درۆیە لەگەڵ خۆت و مامۆستاکەت و دەورو بەرت ، درۆیش مرۆڤ بەرەو دۆزەخ ئەبات هەروەك پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمویەتی : " إياكم والكذب ؛ فإن الكذب يهدي إلى الفجور، وإن الفجور يهدي إلى النار، ولا يزال الرجل يكذب ويتحرى الكذب حتى يكتب عند الله كذابًا " ( متفق عليه ) ، واتە : بەردەوام بن لەسەر ڕاستگۆیی و دور بگرن لە درۆ ، چونکە درۆکردن ڕێخۆشکارە بۆ خراپەکاری و خراپەکاریش ئاکامی دۆزەخە ، مرۆڤیش بەردەوام درۆ ئەکا و بەدوایدا دەڕوات تاوەکو لەلای خوای پەروەردگار بە درۆزن دەناسرێ .

٣ . خوی دوڕوەکان ئەگریت : چونکە درۆ و خیانەت کردن نیشانەی دوڕوانە پێغەمبەری خوا ﷺ ئەفەرموێ : " آية المنافق ثلاث إذا حدث كذب وإذا وعد أخلف وإذا اؤتمن خان " ( رواه البخاري ومسلم ) . واتە : نیشانەکانی دووڕوان سێ دانەیە : ئەگەر قسەی کرد درۆ دەکات ، وە ئەگەر بەڵێنی دا نایباتە سەر ، وە ئەگەر ئەمانەتی بخرێتە ژێر دەست خیانەتی لێ دەکات .

تۆیش لەقسە کردن بە درۆ ئەڵێت ئەم وەڵامانە هین خۆمە ، هەروەها خیانەت لەو ئەمانەتە ئەکەیت کە زانست و شێوازی تاقیکردنەوەکەیە کە قۆپی کردن تیایدا قەدەغەیە .

تۆ **مطففی** : چونکە بۆ خۆت بە کارێکی پەسەندی ئەزانی بەڵام بۆ فێرخوازێکی تر بە ناپەسەند و عەیبی ئەزانی بەم شێوەیەش دەچیتە ڕیزی ئەو کەسانەی پەروەردگار لە بارەیانەوە ئەفەرموێ : ﴿ يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لِمَ تَقُولُونَ مَا لَا تَفْعَلُونَ ﴾ ( الصف : ٢ ) .

٤ . کارەکەت دزی کردنە : چونکە ئەوەی کۆتکردۆتەوە لە وەرەقەی تاقیکردنەوە یان لە چواردەورت کۆت کردۆتەوە یان بە دزی مامۆستاکەت کتێبت کردۆتەوە یان لەسەر پارچە کاغەزی بچوك نوسیوتە ، دزیش لەئیسلام سزای سەختی هەیە وەك خوای پەروەردگار ئەفەرموێ ﴿ وَالسَّارِقُ وَالسَّارِقَةُ فَاقْطَعُوا أَيْدِيَهُمَا جَزَاءً بِمَا كَسَبَا ... ﴾ ( المائدة : ٣٨ ) واتە : دز نێر بێت یان مێ دەستیان ببڕن ، لە تۆڵەی ئەوەی کە کردوویانە .

٥ . ماڵی خەڵکی بە **باطل** ئەخۆی : چونکە هاوڕێکانی دەورو بەرت ماندو بوون کەچی تۆ بەبێ ماندوو بوون نمرەی باشتر لەوان ئەهێنی

٦ ـ کارەکەت غەش کردنە : غەش کردنیش لەئیسلامدا تاوانێکی پڕ مەترسیە هەروەك پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمویەتی : ( مَنْ غَشَّنَا فَلَيْسَ مِنَّا ) رواه مسلم واتە : ئەوەی کە غەشمان لێ بکات لە ئێمە نیە . وەك ئاشکرایە قۆپیە کردنیش غەشە .

بەم شێوە نارەوایە سەرپێچی ئاینەکەت ئەکەیت و فەرمان بە خراپە ئەکەیت و شتێك بە حەڵاڵ ئەزانی کە تاوانە وە دەبیتە پێشەنگێکی خراپ بۆ خەڵکی تر ، چونکە ڕەنگە یەکێکی تریش چاو لەتۆ بکاو هەمان شت دوبارە بکاتەوە لەم کاتەدا تۆ دەبیتە سەرچاوەی ئەو تاوانە و تاوانی هەموو ئەوانەشت دێتە سەر کە لاساییت دەکەنەوە . لەکۆتاییشدا کە دەبیتە مامۆستا یان کارگوزار بەهۆی براناەمەکەتەوە موچە وەرئەگری ئەو بڕوانامەیەی کە بە قۆپی کردن لە تاقیکردنەوەکان بەدەست هێناوە ، ئاخۆ بیرت لەو موچەیە کردۆتەوە کە حەرامە ؟ چونکە سەرچاوەکەی بڕوانامەکەتە بە ڕێگایەکی ناشرعی بەدەست هێناوە . لە پاشە ڕۆژیشدا منداڵەکانت بە پارە حەرامە پەروەردە ئەکەی .

ئەوەشمان لەیاد نەچێت هەر فێرخوازێك لەتاقیکردنەوە هاوکاری فێرخوازێکی تر بکات بە نیشان دانی یان وتنەوەی وەڵامەکان بۆی ئەوا هەردوکیان ئەنجامدەری ئەم تاوانەن ، جۆرێکی تری قۆپی هەیە وەرگرتنی وەڵامەکان لەمامۆستا بەهۆی هاوڕێیەتی یان بە بەرامبەر دیاری مادی و شتی تر .

لە جۆرەکانی قۆپیکردنیش : ( کردنەوەی کتێب ، سەیر کردنی دەستی هاوڕێ لەکاتی وەڵامدانەوە ، نوسینی وەڵامەکان پێشوەخت لە سەر پارچە کاغەزی بچوك ، وەرگرتنی وەڵامەکان لەمامۆستا ، داوای یارمەتی دان لە مامۆستا لەکاتی وەڵامدانەوە یان لەکاتی تصلیح دانی دەفتەرەکان ، وەرگرتنی پرسیارەکان لە پێش تاقیکردنەوە ... هتد ) ئەنجامی کۆتاییش هەر وەڵامێك خزنی مێشکت نەبێت و جوهدی خۆت نەبێت ئەوا بە قۆپی حسابی بۆ ئەکرێت چونکە جهدی خۆت نیە . کارەکەش تاوانە وبڕوانامەکەیشت نا شەرعیە ئیتر خۆت لێکی بدەرەوە بزانە موچەکەت حەڵاڵە یان حەرام . بۆ ئەوەی وەڵامەکەت لەسەر ئاسان بکەم و هاوکاریت بکەم ئەوا پێت ئەڵێم ئیسلام ئەڵێ موچەکەت حەرامە .

م . هاوار عبدالله . کۆمەڵایەتی .

## ( سوێند بە خوا تەنانەت ئەڵقەیـــەکی ئاسنیشم نیــە )

ئافرەتێك هات بۆ لای پێغەمبەری خوا ﷺ و ووتی : هاتووم بۆ ئەوەی خۆمت پێشکەش بکەم ( بۆ خواستن ) . ئـەو ئافرەتـە بـۆ ماوەیـەکی زۆر وەسـتا لـەو ماوەیـەدا پێغەمبەری خوا ﷺ بە ووریاییەوە تەماشای کرد .

کاتێك کـە مـاوەی وەسـتانەکەی زۆر بـوو پیاوێـك بـە پێغەمبەری ﷺ ووت : ئەگەر پێویستیت پێی نیە ئەوا لە منی مارە بکە !!

پێغەمبەر ﷺ فەرمووی : هیچت هەیە بیدەیتێ وەکو مارەیی ؟

پیاوەکە ووتی : نەخێر ( هیچم نیە بیدەمێ ) !!

پێغەمبەر ﷺ فەرمووی : بڕۆ بۆماڵەوەتان و بۆ شتێ بگەڕێ .

پیاوەکە ڕۆیشت و گەڕایەوە و ووتی : سوێند بە خوا هیچم نەدۆزیەوە .

پێغەمبـەر ﷺ پێـی فـەرمووی : دووبـارە بـڕۆرەوە و بگەڕی بۆ شتێ تەنانەت ئەگەر ئەڵقەیەك ئاسنیش بێت .

پیاوەکە دووبارە ڕۆیشتەوە و گەڕایەوە دەیووت : نەخێر سوێند بەخوا تەنانەت ئەڵقەیەکی ئاسنیشم دەست نەکەوت .

پیاوەکە تەنها ئیزارێکی ( جلی سەرەوە ) ی هـەبوو وە ریدائی نەبوو بۆیە ووتی ئیزارەکەمی دەدەمێ بە مارەیی .

بەمـە پێغەمبـەر ﷺ فـەرمووی : ئیزارەکـەت ؟!! ئەگـەر ئەو بیکاتە بەری ئەوا هیچی بۆ خۆت نامێنێ و ئەگەر تۆ بیکەیتە بەرت ئەوا هیچی بۆ ئەو نامێنی .

پیاوەکە ڕۆشتە لایەکەوە و دانیشت ( پاش ماوەیەك ) کاتێك کە پێغەمبەر ﷺ پیاوەکەی بینـی دەڕۆشت بانگی کردە دواوە و پرسیاری کرد : چەند قورئانت لەبەرە ؟

پیاوەکـە ووتـی : ئـەو سـورەتەو ئـەو سـورەتەم لەبـەرە ناوی چەند سورەتێکی هێنا .

پێغەمبـەر ﷺ فـەرمووی : بـەو بـڕە قورئانـەی کـە تـۆ لەبەرتە مارەی دەکەم لێت .

## ( By Allah، I do not have even an iron ring )

A woman came to the Prophet ﷺ and said، "I have come to present myself to you (for marriage)." She kept standing for a long period during which period the Prophet ﷺ looked at her carefully.

When she stayed for a Long period، a man said to the Prophet ﷺ "If you are not in need of her، then marry her to me."

The Prophet ﷺ said، "Have you got anything to give her (as Mahr)?"

The man said، "No." (I have got nothing to give her)

The Prophet ﷺ said، "Go (to your house) and search for something."

The man went and came back and said، "By Allah، I could not find anything."

The Prophet ﷺ said to him، "Go again and search for something، even if it be an iron ring."

The man went again and came back saying، "No، by Allah، I could not get even an iron ring."

The man had only an Izar and had no Rida' (upper garment). So he said، "I will give her my Izar as Mahr."

On that the Prophet ﷺ said، "Your Izar?!! If she wears it، nothing of it will remain on you، and if you wear it nothing of it will be on her"

The man went aside and sat down when the Prophet ﷺ saw him leaving (after a while)، he called back and asked. "How much Qur'an do you know (by heart)?

The man said، 'I know such and such Suras،" naming some Suras.

The Prophet ﷺ said، "I marry her to you for the amount of Qur'an you know (by heart)."

E . م . رزگار محمد